KURDISTAN
DIPLOMATIC

فایلی

ڕۆژئاوای

کوردستان

KURDISTAN
DIPLOMATIC

تورکیا سیاسەت لە دژی سووریا و خۆرئاوا بەڕێوە دەبات

جەمیل بایك*

هاوسەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)

ئەو سیاسەتەی ئەردۆغان – باخچەلی بەڕێوەی دەبەن تاوەکوو دێت بە سیاسەتەکەیان تورکیا لاواز و تەنگاو دەکەن و کێشەکانی گەورەتر دەکەن، ئەو سیاسەتە تەنها لە ناوخۆی تورکیا تووشی تەنگاوی نەبوە و نارەحەتیی دروست نەکردوە، بەڵکوو لە دەرەوەی تورکیایش چەندین تەنگاوی و دژواریی بۆ تورکیا دروست کردوە، دەسەڵاتی ئاکەپە – مەهەپە تاوەکوو دەچێت لاواز دەبێت، ئەوە بە هۆی سیاسەتەکانی خۆیانەوە خۆیان دروستی دەکەن، نەك ئەوەی بەرخۆدانێکی زۆر بەهێز لە دژیان هەیە و ئەو بەرخۆدانە ئەوان لاواز دەکات و کێشەیان بۆ دروست دەکات.

ئێستا ئەو دەسەڵاتە نەك تەنها لە دژی باکوور، گەلی کورد، پەکەکە و گەریلا شەڕ دەکات، بەڵکوو لە بەشەکانی تر لە باشوور، لە خۆرهەڵات و خۆرئاواش شەڕ دەکات، ئێستا هەموو ڕۆژێك هەڕەشە لە سووریا و لە خۆرئاوا دەکات، ئەگەر ئەمڕۆ تورکیا سیاسەت لە دژی سووریا و خۆرئاوا بەڕێوە دەبات ئەوە بە هۆی بەهێزبوونیانەوە نییە، بە هۆی ئەوەوەیە هەندێك لە دەوڵەتەکان هێزیان پێ دەدەن، چونکە بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە ئەوەی دەوێت، بەرژەوەندیی سەرمایەدارانی تورکیایش ئەوەی دەوێت، چونکە بەرژەوەندیی هەندێك سەرمایەداری تورکیا و هەندێك لە دەوڵەتەکان پێوەندییان بە یەکەوە هەیە، ئەوان لە پشت دەسەڵاتی ئەردۆغان – باخچەلییەوە ڕاوەستاون، دەزانن لە ڕێگەی ئەوانەوە دەتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بە دەست بهێنن و بیپارێزن، لەبەر ئەوە لەوان باشتر کەسیان دەست ناکەوێت، ئەردۆغان – باخچەلی بە تەواوی لە خزمەتی ئەواندان، ئەوانیش گەل فریو دەدەن و دەڵێن ‹ئێمە نەتەوەیین، بۆ هەموو شتێك نەتەوەین و تورکیا بۆ خۆمان بە بنەما دەزانین›، درۆی گەورە گەورە دەکەن، بە یارمەتیی دەوڵاتانی دەرەوەی چوونە سەر دەسەڵات، بە یارمەتیی سەرمایەدارانی تورکیا چوونە سەر دەسەڵات و لە ژێر خزمەتکردن بەوان ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەبەن، ئەوە نەتەوەیی نییە، ئەوە خزمەت بە گەلی تورکیا و بە مرۆڤایەتی ناکات، بە هۆی ئەوەوە نییە، کە ئەوان لە بەهێزییەوە ئەو هەڕەشانە دەکەن، بەڵکوو هێز لە پشتیانەوە هەیە.

لە سەرەتای گرژی سووریاوە تاوەکوو ئێستا ئەوانە پشتیوانییان لێ دەکەن و هانیان دەدەن، لەبەر ئەوەیش تورکیا ئەو کار و هەنگاوانەی لە سووریا گرتە بەر، لەبەر ئەوەیە ئێستا ئەوان هەڕەشە دەکەن، تورکیا و ئەمەریکا ڕێککەوتوون، ئەردۆغان چیی گوت؟ گوتی ‹ئێمە هەنگاوی یەکەممان نا، ئێمە لەو هەنگاوەدا ئەنجاممان بە دەست هێنا، ئێمە لەسەر ئەم هەنگاوە هەنگاوی تر دەنێین›، بەڵام دوای ئەوە دێت چێ دەڵێت؟ دەڵێت ‹لە چوارچێوەی داوای ئێمەدایە، ئێمە دەچینە خۆرئاوا و باکووری سووریا، ئێمە بەرنامەکەی خۆمان جێبەجێ دەکەین و ئەوە قبوڵ ناکەین، ئەگەر ئەوە ڕوو نەدات ئێمە ئەمە ئەنجام دەدەین›، ئەوانەی بە ڕوونی گوت، یانی دەڵێت، من باکووری سووریا و خۆرئاوا بە تەواوی دەخەمە ژێر دەستی خۆم، ئێوە ئەوە قەبوڵ بکەن، لە بەرانبەر ئەوروپادا دەڵێت ‹ئەگەر ئێوە قەبوڵی نەکەن، من ڕێگا بۆ کۆچبەرەکان دەکەمەوە› و بەو

تێکچونی ڕەوشی ڕۆژئاوا بەهۆی پەلامارەکانی سوپای تورکیاوە

شێوەیە شانتاژ و هەڕەشە دەکات، بە ئەمەریکا دەڵێت ‹ئەگەر ئێوە قەبوولّی نەکەن، من تێی دەکەوم›، لەبەر ئەوە هەر هێزی خۆی لە سەر سنوور زیاتر دەکات، بۆچی؟ چونکە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەوایبوونێکی بە دەست هێنا، دەیەوێت لەو چوارچێوەیەدا هەنگاوی تر بنێت، یانی باکووری سووریا بە تەواوی داگیر بکات، پێویستە گەلەکەمان و هەموو گەلانی سووریا بە باشی ئەو ڕاستییە ببینن، بە سازش و باجدان ناتوانن ڕێ لە تورکیا بگرن، تەنها بە بەرخۆدان دەتوانن ڕێ لە تورکیا بگرن و دەیشتوانن بەرخۆدانێکی بەهێز بکەن، چونکە ڕەوایبوونێکیان بە دەست هێناوە، لە دژی داعش تێ کۆشاون و لە لای مرۆڤایەتی ڕێزێکی گەورەیان بە دەست هێناوە، لە دڵی مرۆڤایەتیدا ڕەوایەتییان بە دەست هێناوە.

کاتێک بزووتنەوەیەک، بەرخۆدانێک ڕەوا بێت کەس ناتوانێت لە دژی بوەستێتەوە، ئێستا گەلی خۆرئاوا، گەلی باکووری سووریا هەموویان جا چ عەرەب، کورد، ئەرمەن، سووریان و چەرکەس بە تێکۆشانی خۆیان، بە ڕەنجی خۆیان، تێکۆشین، شەهید و

بەرخۆدانی خۆیان کردە هێزێکی ڕەوا، لەبەر ئەوە کەس ناتوانێت ڕێی لەو هێزە و ڕێ لەو گەلانە بگرێت، دەتوانن لە دژی تورکیا بەرخۆدانێکی گەورە ئەنجام بدەن، پێویستە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن، ئەوەی ئەوان بپارێزێت ئەوەیە، ئەوەی دیموکراسییەکەیان، برایەتیان بپارێزت ئەوەیە، ئیدی هیچی تر ناتوانێت بیانپارێزێت، چونکە تورکیا هەنگاوێکی هەڵگرتوە و دەیەوێت لە چوارچێوەی ئەو هەنگاوەدا هەنگاوی تریش بنێت، ئەوە بۆ خۆی بە هەق دەزانێت و دەڵێت ‹مافی منە، من ئەو ناوچانە دەخەمە ژێر دەستی خۆم›، چونکە ئەو ئامانجەی بۆ خۆی دای ناوە، سنوورەکانی میساقی میللی (پەیمانی نەتەوەیی)یە، یانی دەیەوێت لە عەفرین تاوەکوو کەرکووک، کوردستانی ژێر دەستی عوسمانی جارێکی تر بخاتەوە ژێر دەستی خۆی، ئەردۆغان ئەوەی نەك جارێك، بەڵکوو زۆر جار بە ڕوونی باس کردوە، کاتێك جەهەپە گوتی ‹ئێمە هیچ کارمان لەو ناوچانەدا نییە› ئەردۆغان گوتی ‹ئێوە لە لۆزان تێ ناگەن، یانی ئێمە لە لۆزان ئەوانەمان لە دەستدا، ئەو ناوچانە ناوچەی ئێمەن، ولاتی ئێمەیە، دەبێت ئێمە جارێکی تر ئەو ناوچانە وەربگرینەوە›، ئەوانە قسەکانی ئەو بوون، ئەوەی ئەمڕۆ ئەنجامی دەدات ئەوەیە، لەبەر ئەوە هەم گەلی کورد و هەم گەلانی باکووری سووریا دەبێت لە دژی چوونی تورکیا خۆیان ئامادە بکەن، دەبێت بەرخۆدانێکی مێژوویی ئەنجام بدەن، ئەگەر بیانەوێت دەتوانن تورکیا بخەنە ناو بیرێکی قوڵ.

پرۆفایل
جەمیل بایك

- هەڤاڵ جومعە ناسراو بە (جەمیل بایك)
- لە ساڵی 1951 لە شاری ئەلعەزیز لە باکووری کوردستان، لەدایکبوە.
- لە 30ی حوزەیرانی 2013 لە کۆنگرەی نۆیەم بە هاوبەشی بوەتە هاوسەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان (کەجەکە).

KURDISTAN
DIPLOMATIC

بەرخۆدانی جەنگی خۆرئاوا سەردەکەوێت

موراد قەرەیلان*

فەرماندەی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل (نەپەگە)

مـوراد قەرەیـلان فەرماندەی بڕیارگـەی ناوەنـدی پاراسـتنی گـەل ڕای گەیانـد. پێویسـتە هەمـوو کەسـێك لە دژی ئـەم داگیرکەرییە نامـەردەی فاشـزیمی ئاکەپە-مەهەپـە بوەسـتێتەوە. بەرخۆدانـی پیـرۆز گـەورە و فـراوان بکـەن. ڕۆژانـی داهاتـوو سـەرکەوتن بەشـی گـەلان دەبێـت. دەوڵەتـی تورکـی فاشیسـت تێـك دەچێـت. بەرخۆدانـی جەنگـی خۆڕئـاوا سـەر دەکەوێـت.

قەرەیـلان ئامـاژەی بـەوەدا، ئێمـە لـە سـەردەمێکی زۆر مێژوویـی دایـن. دەوڵەتـی تورکی داگیرکەر لە بەرچاوی هەموو جیهان لە باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا سیاسـەتی قڕکردن بە شێوەیەکی دڕندانـە بەڕێوە دەبـات. شـەڕێکی بێ هاوسـەنگی و بێ پێوانە بەڕێوە دەبات. لـە لایـەك گەلانـی باکـوور و خۆرئاوای سـووریا هەن کە بۆ شـەرەف، هەبوون و ئازادیـی خۆیـان بەرخـۆدان دەکەن و لە لایەکی دیکە دەوڵەتێکی دڕندە هەیە کـە خاوەنـی تەکنیکـی پێشـکەوتووی سـەردەمە. شـەڕێکی بەم شـێوەیەی بێ دادپەروەری هەیە.

قەرەیلان ڕایشـی گەیاند، سوپای تورکی داگیرکەر لەگەڵ چەتەکانی ئەلنوسـرە و داعـش کـە بەرمـاوەی ئەلقاعیـدەن هێرش دەکاتە سـەر باکوور و خۆرئاوای سـووریا و گوتـی، «ئـەم هێرشـە بۆ ڕزگارکردنی داعشە. لەم چوارچێوەیەدا لـە دژی هەمـوو مرۆڤایەتییە. هەندێك لایەن نارەزایی لە بەرامبەر هێرشەکان نیشـان دەدەن، بـەڵام هـەر نارەزاییـە و قسـەیە. بـەڵام لـە بەرچـاوی هەموو جیهـان هێرشـێکی بێ پێوانـە ئەنجام دەدرێت. ئەو شـەڕەی ئێستا لە باکوور و خۆرهەڵاتـی سـووریا بەڕێوە دەچێت، بـە تەنها لـە دژی بەرخۆدێرەکان نییە. نەخۆشـخانەکانیان بۆمبـاران کـرد، شـوێنی نیشـتەجێبوون و عەمباری ئاو و فڕنـی نـان، هەمـووی بوەتـە ئامانج. هەروەها دەوروبـەری ئەو زیندانانەی کە داعشی تێدایە بۆردوومان دەکرێت. بەم شـێوەیە دەیانەوێت دیلەکانی داعش بڕفێنن.

قەرەیـلان ئەوەی خسـتە ڕوو، دەوڵەتی تـورك لـە پێـش چـاوی هەمـوو جیهـان تـاوان دەکات و گوتـی، «تاوانی دڕندەیی لـە بەرچـاوی هێزەکانـی هاوپەیمانـان دەکرێت و ئەوانیش تەنها سەیری دەکەن. هاوپەیمانـان لـە ڕاگەیەنراوەکانیانـدا دەڵێـن، لـە دژی داگیرکەریـن، ‹ئەگـەر هاوپەیمانـان لـە دژی داگیرکەریـن، بـا ناوچـەی دژەفڕیـن ڕاگەیەنـن. دەتوانـن ئـەوە بکـەن. لەبـەر ئـەوەی ناوچەکـە لـە کۆنترۆڵـی ئەوانایـە. ئەگـەر ئـەو کارە بکـەن، هاوسـەنگی دەگۆڕێـت و دەوڵەتـی تورك ناتوانێت بە شـێوەیەکی دڕندانـە هێـرش بکات. ئەگـەر نەیکەن واتـە سـەمیمی نیـن. ئەمـە ڕاسـتیەکی ئاشـکرایە. لـە پشـت پـەردەی هێرشـی داگیرکـەری ئـەوە هەیـە. لـە سـەر بناغەی بەرژەوەندییەکانە. بەو هۆیەوە ئەمـە وەك پیلانگێڕییەکـە. زلهێـزەکان داگیرکەریـان لـە بەرژەوەندیی خۆیاندا بینـی و ڕێگەیـان بـە دڕندەییـی ئاکەپە – مەهەپە دا.

قەرەیـلان گوتیشـی، «یەکـەم جـارە بـەم ڕادەیـە خاوەنـداری لـە دژی ئـازادی و بەرخۆدانـی گەلـی کـورد دەکرێـت و پشـتیوانیی لـێ دەکرێـت. هـەر چەنـدە هەندێك هێـز پیلانیـان گێـڕا و نامەردیـان کـرد، بـەڵام گەلانـی

به کوشتنی گەلەکەمان لە نسێبین و پرسووس دەیانەوێت گورزێك لە گەلەکەمان بدەن. گەل و پارتی لە یەکەوە دابڕێنن و مۆڕالیان بشکێنن

دد

جیهان، ویژدانی ڕای گشتی لە دژی ئەو داگیرکەرییە هەستانە سەر پێ و نارەزاییان دەربڕی. لە ئەمریکا تا هیندستان لە دژی داگیرکەری نارەزایی هیە. ئەمەش بە ڕاستی پشتگیریەکی بەهێزە و دەرفەتێکی گەورەیە بۆ تێکۆشانی ئازادی کوردستان. شەرڤانانی قەسەدە و گەلەکەمان بەم پشتگیرییە گەورەیە داگیرکەری و وەحشیگەری تێك دەشکێنن. دەرفەتی ئەوە هەیە.

لە لایەك دەوڵەتی تورکی داگیرکەر و فاشیستی قڕکەر دڕندەیی لە دژی گەلەکەمان لە باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا بەرێوە دەبەن و بە شێوەیەکی بێ پێوانەیی هێرش دەکەن و شەرڤان و گەلەکەمان شەهید دەکەن، فیداکارییەکی گەورە دەکرێت و باری گەلەکەمان قورس دەکەن. بەڵام دوژمن لە ناو خۆیدا تووشی کیشەی گورە بوەتەوە. لە ناو قەیران دایە و بە تەنهایە. ئێمە بڕوامان وایە تێکۆشانی ئازادیی کوردستان سەردەکەوێت. لە بەرخۆدانی جەنگی خۆرئاوا دا فاشیم تێك دەشکێت و گەلی کورد و گەلانی هەرێمەکە سەر دەکەون.

قەرەیلان ئاماژەی بە دۆخی درۆیین و دووڕوویەتی ئاکەپەدا و گوتی، «ئەوانەی لە نسێبین گوتیان «پێویستە بەرد لە سەر بەرد نەمێنێت و سەر لە سەر لاشە جیابکرێتەوە» هەمان ئەوانەن کە ئەمڕۆ نسێبین تۆپباران دەکەن. دەڵێن، «قەسەدە بە تۆپ و هاوەن نسێبین، کانی خەزالان و پرسووسی بۆمبەباران کردوە. بەڵام بەرپرسانی قەسەدە ڕاگەیەنراویان بڵاو کردەوە و ڕایان گەیاند ئەو بانگەشانە درۆن و ئەوان تۆپبارانیان نەکردوە. گەلەکەمان لە نسێبین بە شێوەیەکی بوێر جووڵایەوە و ڕاستی ڕووداوەکەی ئاشکرا کرد. لە میدیاکاندا هەندێك دیمەن بڵاوکرانەوە کە نیشانەی ئەوەیە، تۆپ و هاوەنەکانی تورکییان. واتە تورکیا هاوەنی گرتوەتە نسێبین و ئەو دەقەرانە بۆردومان دەکات. گەلی نسێبینی وڵاتپارێز و هێژا ئەوەیان ئاشکرا کرد. هەمان شت لە پرسووسیش هەبوو، دەوڵەت خۆی تۆپ و هاوەنی گرتە ئەو ناوچەیە.

بۆچی بە ئەنقەست تۆپ و هاوەن دەگرنە نسێبین و پرسووس؟ بە هۆی ئەوەی گەلی ئەو ناوچەیە وڵاتپارێزن و وڵاتپارێزییان بەهێزە. بەو هێرشە دەیانەوێت بە جارێك دوو نیشانە بپێکن. یەکەمیان: بە کوشتنی گەلەکەمان لە نسێبین و پرسووس دەیانەوێت گورزێك لە گەلەکەمان بدەن، گەل و پارتی لە یەکەوە دابڕێنن و مۆڕالیان بشکێنن. دووەمین: بە جیهان بڵێن، سەیرکەن قەسەدە خەڵکی مەدەنی دەکوژێت، ئێمەش بۆیە لە دژی قەسەدە ئۆپەراسیۆن دەکەیەن. فاشیزمی ئاکەپە – مەهەپە بۆ ئەوەی پلانەکانیان جێبەجێ بکەن ژن و منداڵانی نسێبین و پرسووسیان تۆپباران کرد و خەڵکی ئێمەیان شەهید کرد. ئەوەندە نامەردن و ئەوەندە دووڕوون. پێویستە گەلەکەمان بزانێت، بە دەستی فاشیستەکانی تورك هاوڵاتییەکانمان لە پرسوود و نسێبین شەهید بوون.

قەرەیلان ڕاشی گەیاند، گەلی خۆرئاوا لە ناو بەرخۆدانێکی گەورەدایە و گوتی، «بێ گۆمان شتێکی ئاسان نییە بەرخۆدان لە ئاستێکی بەم شێوەیەدا بکرێت. ئەم بەرخۆدانە لە دڵەوەیە و هەستی پێ دەکەن. وەك ئەوەی بەر لە ئێستا گوتم، ئێمە هەموو کاتێك لەگەڵ خەڵکی خۆماندایین.

هەموو بەرخۆدانێك زەحمەتی و باجی دەوێت. گەلەكەمان لە قۆناغێكی بەم شێوەیەدا بەرخۆدان دەكات. چوار ڕۆژە بەرخۆدانێكی زۆر گەورە دەكرێت. لەو دەڤەرە دیرۆك دەنووسرێتەوە. بە تایبەتی لە سەرێكانی و گرێ سپی و لە هەموو هێڵی سنووری مێژوو سەرلەنوێ دەنووسرێتەوە. بەرخۆدانی شەرڤانانی قەسەدە، یەپەگە و یەپەژە و گەلەكەمان بەرخۆدانێكی مێژوویییە و هێژایە. بەم بۆنەیەوە سڵاو و ڕێز بۆ هەموو شەرڤانان دەنێرین و هیوای سەركەوتنیان بۆ دەخوازین. بەڕێزەوە یادی شەهیدەكانمان دەكەینەوە. بیستمان هەڤرین خەلەف هاوسەرۆكی پارتی داهاتووی سووریا لە ئەنجامی هێرشێكی نامەردانەدا شەهید بوە. ئێمە شەهیدانی بەرخۆدانی پیرۆز وەك شەهیدی خۆمان دەبینین و بەڕێزەوە یادیان دەكەینەوە و تۆڵەیان دەكەینەوە.»

قەڕەیلان ئەوەی خستە ڕوو، هیچ پێوەندییەكی باكوور و خۆرهەڵاتی سووریا بە تورکیا و باکووری کوردستان نییە و گوتی، «هەندێك كەس ئەم سیستم و شەڕە بە پەكەكەوە دەبەستێتەوە. بەڵام هیچ پێوەندییەكی بە پەكەكەوە نییە. ڕاستە پێوەندیی پەكەكە بە پارچەكانی تری كوردستانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی باسی دەكرێت وڵاتێكی 5 ملیۆن كەسییە. بەڕێوەبەرایەتییەكی خۆسەری خۆی هەیە. بەڕێوەبەرایەتییەكە لە كورد، عەرەب، سووریانی و ئاشووری پێك دێت. ئەو هێرشە هێرشی قڕكردنی ئەو گەلانەیە. دەوڵەتی تورك لەو دەڤەرە لە دژی ڕێكخستنێك شەڕ ناكات. یەكسەر هێرش دەكاتە سەر سیستم و بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر. پێویستە هەموو كەسێك بزانێت، ئەوەی دەوڵەتی تورك دەیەوێت بیكات قبوولنەكردنی شێوەی ژیانی كوردانە و دەیەوێت لە ناوی ببات. كاتێك بە تۆپ و فڕۆكە هێرش دەكاتە سەر باكوور و خۆرهەڵاتی سووریا نالێت لە كێ دەكەوێت، لە عەرەب، ئاشووری كورد. ئەم ڕژێمە فاشیستە دوژمنی باكوور و خۆرهەڵاتی سووریایە، دوژمنی گەلانی ئەو دەڤەرەیە و هێرش دەكاتە سەر هەموویان. بەڵام سەركەوتن بۆ گەلانی بەرخۆدێرە و لەو چوارچێوەیەدا سڵاو بۆ گەلەكەمان لە خۆرئاوا و باكوور و خۆرهەڵاتی سووریا دەنێرین و سەركەوتنیان بۆ دەخوازین.

پرۆفایل
موراد قەرەیلان

-جەمال ناسراو بە (موراد قەرەیلان).

-لەدایكبووی باكووری كوردستانە.

- ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەرتەشی ڕزگاریی گەلی كوردستان(ARGK)

-هاوسەرۆكی كۆما جڤاكێن كوردستان، (كەجەكە) بوە.

- قەرەیلان فەرماندەی بڕیارگەی ناوەندی پاراستنی گەل (NPG)یە.

- ئەندامی كۆنسەی سەرۆكایەتیی كۆما جڤاكێن كوردستان (كەجەكە).

KURDISTAN
DIPLOMATIC

دەوڵەتی تورك، کێ دەکوژێت؟ کورد دەکوژێت

دوران کاڵکان*

ئەندامی کۆنسەی سەرۆکاییەتی کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)

کالّکان: چۆن هیتلەر لە سەدەی (20) دا دوژمنایەتیی بەهاکانی ئەوروپای کرد، لە سەدەی (21)دا فاشیزمی ئاکەپە/مەهەپە بە هەمان شێوە دوژمنایەتیی خۆرهەلاّتی ناوەڕاست دەکەن

دوران کالّکان ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی پەکەکە، باسی لە یاریی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە دژی باکوور و خۆرهەلاّتی سووریا کرد.

کالّکان ڕای گەیاند، لە سەرەتادا ئەمریکا و دواتر ڕووسیا لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتن، دواتر ئەردۆغان (13) ی تشرینی دوەم جارێکی تر دەچێتە ئەمریکا. لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئەمریکا و ڕووسیا دا چی هەیە؟ پەسەندکردنی داگیرکردنی سەرێکانی و گرێ سپی هەیە.... بڕیاری دەرکردنی هێزی پاراستنی کورد لە کوردستان هەیە... ئەوە چ واتایەك دەگەیەنێت؟

هێرشی داگیرکەری و قڕکردنی دەوڵەتی تورك پەسەند دەکرێت. ڕێککەوتنی سوچیش هەمان شت بوو، جیاوازیی لەنێوانیاندا نییە. پەیمانی نێوان تورکیا و ڕووسیاش هەمان شێوە بوو. داگیرکەری دەوڵەتی تورکیان قەبوڵ کرد. ئەمریکا گوتی، من ڕادەستی تورکیای دەکەم. کاریگەریی ڕووسیا زیاتر دەبێت، دەگوترێت کاریگەرگی حکوومەتی سووریاش زیاتر دەبێت. لەمەو بەدواوە حکوومەتی سووریا پێشڕەوی دەکات، بەڵام چارەنووسی ئیدارەی ئەسەد نادیارە.

بەڵام پرسەکە بەم شێوەیەیە: داگیرکەریی دەوڵەتی تورك قەبوڵ دەکرێت، داگیرکەری لە هەرێمەکانی جەرابلوس، باب، ئیدلب، عەفرن قەبوڵ کرا. ئێستایش لە گرێ سپی و سەرێکانی قەبوڵ دەکرێت. بۆ بەشێك لە کوردستان دەڵێن، ئێمە لە نیگەرانییەکانی تورکیا تێ دەگەین. باشە دەوڵەتی تورك لە دژی کێ ئاساییشی خۆی دەپارێزێت؟ ئەمە بە واتای ئەوە دێت، دەوڵەتی تورك لە ناو شەڕدایە، ئێوەیش لەناو شەڕ دان، ئێمە بەشداڕییمان کردوە، ئێوەش پەسەندی دەکەن. ئەو هێزەی کە لە دژی شەڕە ،دیارە، جیهان هەمووی خاوەندارێ لە شەڕی کوردستان دەکات. ئەگەر ئێوە داگیرکەریی دەوڵەتی تورك پەسەند دەکەن، ئەو کاتە ئەمریکا سەربازەکانی ناردبوو بۆ ئەو دەڤەرە، بۆچی داگیری نەکرد. ڕووسیا سوپاکەی ناردبوو بۆ ئەوێ، بۆچی داگیری نەکرد. داگیریان نەکرد، بە دەوڵەتی تورکی داگیر دەکەن. چی بە سەر تورکیا دەهێنن؟ دەوڵەتی تورکیا بە کار دەهێنن، وەك ئەلقاعیدە، وەك داعش. نازانرێ دواتر چۆن بە کاری دەهێنن.

پێویستە ئەوە دیاری بکرێت: داگیرکەری دەوڵەتی تورك ئەنجامێکە. خاکی سووریا و یەکپارچەبوونی خاکی سووریای پێشێل کردوە. ئەمەیش ئەنجامێکە: ڕێککەوتنی ئەمریکا و تورکیا، ڕێککەوتنی ڕووسیا و تورکیا. ئەنجامێکە: کۆمەڵکوژی ئەنجام درا... چەکی کیمیایی بە کار هێنرا. لە گرێ سپی و سەرێکانی بە سەدان کەس شەهید کران. گازی کیمیایی بە کار هێنرا... هێرشی دڕندانە ئەنجام درا، بەڵام هەمووی ئەنجامێکە. بۆچی بەم شێوەیە بوو؟ لە باکوور و خۆرهەلاّتی

ئەوروپا دەڵێت داگیرکەرییە، ئەمریکا دەڵێت شەڕی (200) ساڵەیە. ئەگەر وابێت، پێویستە هۆکارەکەی باش ڕوون بکرێتەوە. ئایا ئێوە بیانووی دەوڵەتی تورك پەسەند دەکەن، بیانووی ئەردۆغان/باخچەلی قەبووڵ دەکەن

دد

سووریا بەڕێوەبەرایەتییەکی خۆسەر هەیە، قەسەدە، یەپەگە و یەپەژە هەیە. ئەگەر ڕێککەوتنەکان قەبووڵ بکرێت، واتە هۆکار ئەوانەن. بیانووی دەوڵەتی تورك، بەڕێوەبەریی خۆسەریی دیموکراتیکە، هەبوونی کوردان لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریایە. ئەگەر ڕێککەوتن پەسەند بکرێت، ئەو کاتە بیانووکەی تورکیا قەبووڵ دەکرێت.

ئەوروپا دەڵێت داگیرکەرییە، ئەمریکا دەڵێت شەڕی (200) ساڵەیە. ئەگەر وابێت، پێویستە هۆکارەکەی باش ڕوون بکرێتەوە. ئایا ئێوە بیانووی دەوڵەتی تورك پەسەند دەکەن، بیانووی ئەردۆغان/باخچەلی قەبووڵ دەکەن یان هۆکارێکی جیاوازی هەیە؟ دەوڵەتی تورك داگیری دەکات، هێرش دەکات، کۆمەڵکوژی دەکات. کێ دەکوژێت... کورد دەکوژێت. بۆچی خاکی سووریای داگیر کرد و دەڵێت، من لایەنگری یەکپارچەیی خاکی سووریام. بەو شێوەیە پێویستە هۆکارەکەی بزانرێت. هۆکارەکەی هەبوونی کوردە. بە شێوەیەکی ئاشکرا دەڵێت «تیرۆر» و کوردیش بە هەمان واتە دێن. دەگوترێت کێشە کێشەی یەکپارچەیی خاکی سووریایە، دەسەڵاتی سیاسیی سووریایە، بەڵام کێشەی سەرەکیی دەوڵەتی تورك خۆیەتی.

کێشەکە فاشیزمی ئاکەپە/مەهەپەیە. ئەوەی داگیر دەکات، کۆمەڵکوژی دەکات، هێرش دەکات. دەوڵەتی تورکە. کێشەکە خۆیەتی. بۆچی هێرش دەکات، بە هۆی دوژمنایەتیکردنی کورد. پێویستە ئەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا بگوترێت. دوژمنی کورد، ئەرمەن، ئاشووری، سووریانی، ڕۆم، ژن و هەموو گەلانە. ئەوەی بەرانبەرمان وەستاوەتەوە، هیتلەرێکی نوێیە. چۆن هیتلەر لە سەدەی (20) دا دوژمنایەتیی بەهاکانی ئەوروپای کرد، لە سەدەی (21)دا فاشیزمی ئاکەپە/مەهەپە بە هەمان شێوە دوژمنایەتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەکەن. پێویستە ڕاستییەکە ببینرێت.

کاڵکان ڕاشیگەیاند، لە بناغەی هەموو شتێکیاندا سیاسەت و عەقلیەتی لەناوبردنی گەلی کورد هەیە و وتی، «لەسەردەمی ئێستادا دیکتاتۆری فاشیستی ئەردۆغان و باخچەلی بە ئاشکرا ئەو سیاسەتە بەڕێوەدەبەن. بە سەر هەموو کەسێکدا دەیسەپێنن و دەڵێن، پێویستە ئێوە لە سەر هێڵی ئێمە بجوڵێنەوە.»

تڕەمپ دەڵێت، کێشەکە کێشەی (200) سەدساڵە. داوی ل شەڕ نایێ، بەو هۆیەوە نابێت ئێمە دەستوەردان بکەین. مەبەستەکەی سەدەی (19) و (20)ـە. کێشەی نەتەوەیەکە. تۆ بە خۆت ئەڵێی دەوڵەت. هێزێکی سوپەری جیهانی. من سیستمێکی نوێ لە جیهاندا دروست دەکەم. ئایا، سیستمی نوێی جیهان بەم شێوەیەیە؟ سیاسەتی جیهانی بەم شێوەیە دەبێت. دەڵێی دەستوەردان ناکەم. بەڵام ئەو شتەی تۆ گوێی پێ نادەی، پێشێلکردن و قڕکردنی کوردانە. بەڵام وەك تر دەڵێی، بیرەکانی نەوت دەپارێزم. ئێستا لە ئەمریکا وتوویژ دەکرێت. دەمەوێت شتێکتان لە یاد بێنمەوە. بەر لە سەد ساڵ بنەماکانی ویلسۆن هەبوون. بنەماکانی سەرۆکی ئەمریکا وۆدرۆو ویلسۆن بوون. باسی مافی ئازادی و ژیانی ئازادی و خۆبەڕێوەبەری دەکرد. تڕەمپ دوای سەد ساڵ لە جێگەی بنەماکانی ویلسۆن دەست بە بازرگانیی نەوت دەکات. ئەگەر لە ناو کۆمەڵگای ئەمریکا وتوویژێکی بەم جۆرە بکرێت، پێویستە لە چوارچێوەی بنەماکانی ویلسۆندا بێت.

کاڵکان گوتیشی، «پێش سەد ساڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆڤیەت لە سەر ئەو بنەمایە هەڵگیرسا.

بنەماکانی دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و بنەماکانی خۆبەڕێوەبەریی کۆماری سۆڤیەتی دامەزراند. زۆر نەتەوە پێش کەوتن. ڕووسیا لە سەر ئەو بەهایانە بوو بە دەوڵەت. ئایا ڕێکەوتنەکەیان لە سەر بناغەی ٣٢ی ئۆکتۆبەرە؟ پوتین ئەندامی پێشووی (KGB) بوو. کادرێکە کە لە لایەن سۆڤیەتەوە پەروەردە کراوە. ئایا دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان و بنەماکانی خۆبەڕێوەبەری لە کەوێیە؟ بە شێوەیەکی ئاشکرا کورد دەکوژرێن.

کالکان ئاماژەی بە کۆمەڵکوژی سەر کوردان دا و گوتی، «کەس ناتوانێت لە جیهاندا بڵێت کریارەکانی بەرانبەر گەلی کورد پێوەندیی بە منەوە نییە. چ لە کورد بکرێت واتە لە تۆ دەکرێت. ئەگەر مافی ئازادیی کەسێك پێشێل بکرێت واتە ئازادیی تۆش زەوت دەکرێت. لە دۆخێکدا کە کورد کۆمەڵکوژ دەکرێت، فەڕەنسا، ڕووس، ئەمریکا، عەرەب و تورك ناتوانن ئازاد بژین. لە ناو فشاری و داگیرکەرییەکی قورس دا دەبن. لە کوردستان قڕکردن هەبێت، لە ئەورووپا و ئاسیا دیموکراسی نابێت. با کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت. دۆخەکە لە بەرچاوە، پرسی هەموو کەسێك دیموکراسی و ئازادییە.

کالکان ئاماژەی بە تێکۆشانی دیموکراسی و ئازادیی باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا کرد و ڕای گەیاند، لە ناو (10) و (15) ساڵی ڕابردوودا کاری سەرکەوتوو کرا و ژمارەیەك دیکتاتۆر لە ناو بران. جگە لە دیموکراسی هیچی تریان ناوێت. ئێمە دەزانین زیاتر خۆیان زانا دەکەن. لە هەموو جیهان بڵاو دەبنەوە. پێویستە هەموو کەسێك ئەوە بزانێت. ئەوانەی خاوەنی عەقلیەتی ئەردۆغان و باخچەلین ئاشکرا بوون. تێکۆشانی خۆرئاوا، تێکۆشانی نێوان کوردان و فاشیزمی ئاکەپە و مەهەپەیە. ئاشکرایە عەقڵیەت و سیاسەت چییە. بۆ نرخی مرۆڤایەتی چ واتایەك دەدات. ماسکەکانیان کەوتە خوارەوە. لە ئەنجامدا پێشکەوتنێکی سیاسیی گەورە دروست بوو. تێکۆشان بەهێزتر دەبێت و لە هەموو شوێنێك بڵاو دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت.

پرۆفایل
دوران کالکان

- بە ڕەگەز ئازەرییە و ساڵی 1954 لە «ئەدەنە» لەدایکبووە.
- دەرچووی کۆلیژی هونەر و ئادابی زانکۆی ئەنقەرەیە.
- ساڵی 1978 ئەندامی کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان بوە.
- ساڵی 1979 بە دەستی ئەندامانی بزووتنەوەی (DDKD) بریندار دەبێت.
- یەکێکە لە تیۆریسێنە سیاسییەکانی پەکەکە.
- لە زۆربەی قۆناغەکاندا بەرپرسی چەکدارەکانی باشووری کوردستان بوە لە نێو ڕیزەکانی پەکەکەدا.
- ساڵی 1987 لێپرسراوی پەکەکە بوە لە ئەورووپا.
- ساڵی 1988 لە ئەڵمانیا دەستگیر دەکرێت و ماوەی 5 ساڵ لە زیندانیدا بە سەر دەبات.

KURDISTAN
DIPLOMATIC

دەوڵەتی تورك دوژمنی هەر چوار پارچەی كوردستانە

سەبری ئۆك*

ئەندامی كۆنسەی سەرۆكایەتی
كۆما جڤاكێن كوردستان (كەجەكە)

سەبری ئۆك ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە) دەڵێت، «دەوڵەتی تورك دوژمنی هەر چوار پارچەی کوردستانە. هێرشی سەر خۆرئاوا ئەو ڕاستییە پیشان دەدات. دەوڵەتی تورك دوژمنی هەموو کوردێکە. هەموو کوردێکیش ئەوەی بینی. پێویستە کەس بیر لەوە نەکاتەوە، پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تورك دروست بکات، پێویستە سیاسەتێکی بەم شێوەیە دروست بکرێت.»

سەبری ئۆك ئەندامی کۆنسەی بەڕێوبەرایەتیی کەجەکە هەروەها وتیشی: ئەگەر ئەمەریکا و هاوپەیمانان لە دژی وەستابان، ئەردۆگان نەیدەتوانی ئەم هێرشانە ئەنجام بدات، بەڵام بە شێوەیەکی ئاشکرا دەڵێن، ئەوان لە دژی هێرشەکانی ئەردۆگان ناوەستنەوە. دەیانتوانی لە ڕووی هەواییەوە ڕێگری لە دەوڵەتی تورکیا بکەن. ئەگەر بەم شێوەیە بوایە باردۆخەکە جیاواز دەبوو. ئەو کاتە دەوڵەتی تورکیا و چەکدارە بەکرێگیراوەکانی بە هیچ شێوەیەك نەیان دەتوانی لە دژی قەسەدە و یەپەگە و یەپەژە شەڕ بکەن. لە ڕووی ئاسمانییەوە ڕێگری لێ نەکرا، ئایا ترامپ و پۆتین لە دژی ئەردۆگان پلانیان هەیە، هەر یەکێکیان دەیەوێت لە دژی بەرانبەرەکەی بە کاری بهێنێت. یان پلانەکە هاوبەشە. لەم ڕووەوە چەندین بیر و بۆچوونمان هەیە. لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پێویستە بە شێوەیەکی ڕوونتر ئەم بابەتە تێ بگەین.

ئۆك باسی لە ڕۆژئاوا هاوپەیمانان کرد و گوتی: ئەمەریکا و هاوپەیمانان ڕۆژئێکی هەڵوەشێنەریان گێڕا. نەك تەنها بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر، هەستی بەمە کرد، بەڵکوو ماکگۆرگ و چەندین سەرباز و چەندین جەنەڕاڵی خانەنشین و ڕۆشنبیر و ئەکادەمیسیەنیش لە بەرانبەر ئەم ڕۆژئاوا نارەزاییان نیشان دا. ئەوان ڕاستیودروستیی گەلی کوردیان بینی. گەلی کورد چی گوت هەمان شتی ئەنجام دا. ئەمەریکا ئەگەر گوێی لێ بگرتایە، پێویست بوو هەڵوێستی خۆی بنوێنێت، بەڵام لە بەر بێ ئەخلاقی و بە هۆی بەرژەوەندییەکی نامۆرالیی خۆی، ئەمەریکا ئەمەی نەکرد. ئێستا گوایە باسی فشاری ئابووری دەکات. ئێمە نازانین ئەوان بە نیازی چین. لەوانەیشە بە ڕاستی هەوڵ درا کە ڕێگری لێ بکەن، بەڵام سەری نەگرت. هەڵوێستی ڕووسیا گرینگە، ئەگەر ڕووسیا و سووریا بیانویستایە کێشەکە بە ئاسانی چارەسەر دەبوو. دەرفەت بۆ ئەمە هەبوو، بەڵام بەرەو چارەسەری نەڕۆیشتن. ئاشکرایە کە لە ئەنقەرە لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی ئاستانادا بڕیاری هێرشەکە دراوە و ئەمەریکا و هاوپەیمانیش ئاگادار کراونەتەوە.

دیارە هێرشەکان لە چوارچێوەی پەیمانی ئەدەنە ئەنجان دەدەن. بەم شێوەیە دەیانەوێت ڕەوایەتی بدەن بە هێرشەکانیان. پەیمانی ئەدەنە لە دژی بوونی گەلی کورد بوو، بەڵام ئەم هێرشە زۆر دوور بوو لە چوارچێوەی پەیمانەکە.

ئۆك لە بارەی ڕێککەوتنی بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و شام گوتی: ئەم ڕێککەوتنەی نێوان بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و ڕژێم تا کەی بەردەوام دەبێت دیار نییە، بەڵام دیارە کە بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر و ڕژێم لە سەر چەندین خاڵ ڕێککەوتوون. بە بڕوای من ئەم ڕێککەوتنە درەنگ

دیارە هێرشەکان لە چوارچێوەی پەیمانی ئەدەنە ئەنجان دەدەن. بەم شێوەیە دەیانەوێت ڕەوایەتی بدەن بە هێرشەکانیان.

دد

خاکی سووریا بپارێزرێت و پێویستە خەڵکی ناوچەکە کۆچ نەکەن، بینی ئەگەر سوپای تورکی داگیرکەر و چەتەکانی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بڵاو ببنەوە، کاری شام و کوردان زەحمەت دەبێت. ڕووداوەکان، وا دەکەن هێزەکان بە یەکەوە کار بکەن. ڕێگە ڕاستەکە ئەوەیە ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت.

ئۆك ئاماژەی بەوە کرد، حکوومەتی شام پێویستە بینیبێتی، ئەگەر ئیدلب، جەرابلوس، عەفرین، باب، منبج و هەموو ناوچەکانی تر لە دەستی تورکیادا بمێننەوە، هیچ شتێك لە دەستیدا نامێنێتەوە. پێویستە هەستی بەوە کردبێت، لە سەر ستاتۆی سووریا، ڕووسیا مافی قسەکردنی نامێنێت. بەو هۆیەوە، ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکرێت بۆ هەموو گەلانی سووریا بە سوودە.

ئۆك لە بارەی بەرخۆدان و هەڵوێستی جیهان گوتی، «جیهان هەڵوەشێتەوە، باجەکەی چی بێت، گەلی کورد ژیانێکی بە شەرەفیان دەوێت. چ دەبێت با ببێت، سەرفرازی بۆ گەلی کوردە. هەندێك لایەن قسە دەکەن، یەکێتیی ئەوروپا ڕاگەیەنراوی بڵاو کردەوە... لە دژی هێرشەکانە، بەڵام ئەوە بەس نییە. هەندێك لایەنی تریش لێدوانیان دا. هەر چەند بەو لێداوانانەیش لە کردەوەکانیان ناگەڕێنەوە، بەڵام واتادار و بەنرخن.»

گەریلاکانی پەکەکە لەکاتی ئۆپەراسیۆندا

کەوت، بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر ویستی زوو ئەم ڕێککەوتنە بکات، بەڵام ڕژێم و ڕووسیا هیچ هەنگاوێکیان نەنا. لە شام و مۆسکۆ چەندین کۆبوونەوە ئەنجام دران. بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەر هەمیشە جەختی لەوە دەکردەوە، هیچ ئامانجێکیان بۆ پارچەکردنی سووریا نییە، بەڵام ڕژێمی سووریا ئەمەی نەکرد و ئەو هێزەی لە خۆیدا نەبینی و ئەم ئەقڵەی لە خۆیدا دروست نەکرد. ئۆك ڕایشی گەیاند، بەڕێوەبەرایەتیی خۆسەری، پێویستە لە دژی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکی فاشیست یەکێتیی

ئۆك گوتیشی. گەلی باکووریش لە بەرانبەر ئەردۆغان و کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی تورك تووڕەن، بەڵام دەست بە ڕاپەڕین ناکەن. پێویستە ویژدان، مرۆڤ هەستێنێتە سەر پێ. هەدەپە پێشەنگایەتیی دەکات، بەڵام پیرۆزبایی سااڵیادی دامەزراندنی هەدەپەشیان قەدەغە کرد. پێویستە هەموو کەسێك هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا نیشان بدات. پێویستە هێزەکان یەکتری بگرن. گەلیش پێویستە خاوەن هەڵوێست بێت و کاریگەری لە سەر دەوڵەت دروست بکات.»

ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کەجەکە ڕایشی گەیاند، خاڵێك لە هەڵوێستی نەتەوەیی لە ناو گەلی کورددا دروست بوە. هەموو کەسێك پێویستە لە سەر ئەو خاڵە کار بکەن و ڕێکخستنێکی بەرچاو بکرێت. یەکەم جارە هەموو کورد هەستیان بەوە کرد کە پێویستە یەکێتیی نەتەوەیی دروست ببێت. بینیان پارچەکردن و سیاسەتکردن بە پێی هزری خۆیی بێ ئەنجامە و بینیتان ئامانجی سەرەکیی دەوڵەتی تورکیش پارچەکردنە.»

ئۆك لە کۆتاییی قسەکانیدا دەڵێت، «دەوڵەتی تورك دوژمنی هەر چوار پارچەی کوردستانە. هێرشی سەر خۆرئاوا ئەو ڕاستییە پیشان دەدات. دەوڵەتی تورك دوژمنی هەموو کوردێکە. هەموو کوردێکیش ئەوەی بینی. پێویستە کەس بیر لەوە نەکاتەوە پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی تورك دروست بکات. پێویستە سیاسەتێکی بەم شێوەیە دروست بکرێت. پێویستە کەس غافڵ نەبێت. سیاسەتی سەرەکی دەوڵەتی تورك وایە، کە پارتە کورددییەکان و پارچەکانی کوردستان لە دژی یەکتری بە کار بهێنێت، پێویستە کورد ئەوە بە ڕوونی بزانن ئەگەر پارچەیەك نەبێت، پارچەکەی تریش نابێت. پێویستە کەس خۆی هەڵنەخەڵەتێنێت. ئەو دۆخە لە ڕیفراندۆمی باشووری کوردستاندا بە ڕوونی دیار بوو. هەندێك جار دەبێت ئامانجەکە تێ نەگەین یان بە توندی یەکتری ڕەخنە بکەین، بەڵام پێویستە هەموو کاتێك یەك بین و زوو زوو بە یەکەوە کۆببینەوە و بە یەکەوە بجوواڵینەوە. حیزبە کورددییەکان دەبێت یەکێتیی نەتەوەی بنیات بنێن. گەل لە چوارپارچە هەستاوەتە سەر پێ و داوای دۆزی یەکێتی دەکات. گەل یەکێتیی دەوێت و یەکێتیی دروست کردوە و پێویستە پارتە سیاسییەکانیش یەکێتیی نێوانیان بەهێز بکەن.

پرۆفایل
سەبری ئۆك

-ئەندامیکۆنسەی سەرۆکایەتی(پەکەکە).

- یەکێکە لە سەرکردە باڵاکانی (پەکەکە) و پەیوەندییەکی باشی هەبوە لەگەڵ ئۆجەلان.

- بەرپرسی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی (پەکەکە)یە

- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆما جڤاکێن کوردستان (کەجەکە)

KURDISTAN
DIPLOMATIC

مەزڵوم کۆبانێ دەڵێت
(ئێوە ئێمە بە جێ دەهێڵن بۆ سەربڕین)

نووسینی: باربارا ستار و ڕایان براون
وەرگێڕانی: سۆران کەریم

فەرماندەی هێزە دیموکراتەکانی سووریا کە لە لایەن کوردەوە ڕابەرایەتی دەکرێت، بە یەکێک لە دیپلۆماتکارە بالاکانی ولایەتە یەکگرتوەکانی گوت، ‹‹ئێوە ئێمە بە جێ دەهێڵن بۆ سەربڕین›› و، داوای دەکرد کە بزانێت ئاخۆ ولایەتە یەگرتوەکان هیچ شتێك دەکات بۆ پاراستنی کوردانی سووریا کاتێك توركیا بەردەوامی دەدات بە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی و کوردە هاوپەیمانەکانی ئەمریکای کردوە بە ئامانج لە سووریادا.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لە ناوخۆی حکوومەتی ولایەتە یەکگرتوەکانەوە دەست (CNN) کەوتوە، لە کۆبوونەوەیەکی ڕۆژی پێنجشەممەدا ژەنراڵ مەزلووم کۆبانێ عەبدی بە بریکاری نێرراوی تایبەتی هاوپەیمانیی جیهانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ویلیام ڕۆیبەك، دەڵێت ‹‹ئێوە دەستبەرداری ئێمە بوون. ئێوە ئێمە جێ دەهێڵن بۆ سەربڕین.››

مەزلووم دەڵێت، ‹‹ئێوە ئامادە نین گەلەکەمان بپارێزن و، هەروەها ناتانەوێت هێزێکی تر بێت و بمانپارێزێت. ئێوە ئێمەتان فرۆشت. ئەوە کارێکی نائەخلاقییە.››

مەزلووم پێداگریی کرد لە سەر ئەوەی کە یان ولایەتە یەکگرتوەکان یارمەتییان بدات لە ڕاگرتنی هەڕەشەکەی توركیادا یاخود ڕێگە بە هێزە دیموکراتەکانی سووریا بدات ڕێکەوتنێك لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەد لە دیمەشق و پشتیوانە ڕووسییەکانیاندا بکەن و، ڕێگە بدەن فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا ناوچەی دژە- فڕین لە خۆرهەڵاتی باکوری سووریادا دابمەزرێنن و، بەم چەشنە ڕێگە لە توركیا بگرن لە ئەنجامدانی هێرشی ئاسمانیدا. بەرپرسە ئیداریەکان دەڵێن کە ولایەتە یەکگرتوەکان نایەوێت کوردەکان پەنا بۆ ڕووسییەکان ببەن.

مەزلووم دەڵێت، ‹‹پێویستە بزانم ئاخۆ ئێوە دەتوانن پارێزگاری لە گەلەکەم بکەن، ئاخۆ دەتوانن ئەم بۆمبانە ڕابگرن کە بە سەرماندا دەبارێن یاخود نا. من پێویستە ئەمە بزانم، چونکە ئەگەر ئێوە نەتوانن، ئەوا پێویست دەکات لە ئێستادا ڕێکەوتنێك لەگەڵ ڕووسیا و ڕژێمدا ئەنجام بدەم و فڕۆکەکانی ئەوان بانگەێشت بکەم بۆ پاراستنی ئەم ناوچەیە››.

توركیا ئەو پەلامارەی دەست پێ کرد بۆ ناو سووریا کە لە مێژە وەك هەڕەشەیەك باسی دەکات، ئەمەش دوا بە دوای ئەوەی کە سەرۆك دۆنالد ترەمپ فرمانی کرد بە کشانەوەی لەشکرێکی بچووکی 50 سوپایی ولایەتە یەکگرتوەکان لە ناوچە سنووریەکاندا کاتێك لەو باوەڕەدا بوو کە پەلاماری توركیا بۆ سەر سووریا ڕووداوێکی چاوەڕوانکراوە. پێش ئەم ڕووداوە، وەك پەیڕەوێك بۆ دروستکردنی متمانە لە لای توركیا، ولایەتە یەکگرتوەکان کوردەکانی قایل کرد بە جێهێشتنی سەنگەرە بەرگرییەکانیان لە سەر سنوور و بە کشانەوەی جەنگاوەرانیان لەو ناوچانەدا. ولایەتە یەکگرتوەکان ڕای گەیاند کە توركیا ڕازی بوە بەو ڕێکەوتنەی کە ڕێگری لە کرداریکی سەربازی توركی یەکلایەنە دەکات.

ئەندامە بالاکانی ئیدارەی ترەمپ سوورن لە سەر ئەوەی کە توركیا ئەو هێرشەی ئەنجام دەدا، جا چ هێزەکانی ولایەتە یەکگرتوەکان لەو ناوچانە

میلیشیا چەکدارەکانی سەربە تورکیا

بمانایەتەوە یاخود نا و، کە ولایەتە یەکگرتوەکان دەستبەرداری کوردەکانی سووریا نەبوە، بەڵام بە هەر حاڵ حکوومەتی ولایەتە یەکگرتوەکان هیچ کردارێکی ئەنجام نەداوە بۆ ڕاگرتنی ئەم پەلامارەی تورکیا.

ڕۆژی هەینی، وەزیری بەرگریی ولایەتە یەکگرتوەکان، مارك ئێسپەر، ڕای گەیاند کە ولایەتە یەکگرتوەکان دەستبەرداری هاوپەیمانە کوردییەکانی نەبوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرا ڕای گەیاند، هێزی ولایەتە یەکگرتوەکان تەداخولی ئەو شەڕە ناکات.

ئیسپەر لە پەنتاگۆن بە پەیامنێرانی ڕاگەیاند، ‹‹ئێمە دەستبەرداری هێزە هاوپەیمانە کوردییەکانمان نەبووین و سوپای ولایەتە یەکگرتوەکان هاوشانیان لە بەشەکانی تری سووریادا دەمێنێتەوە››.

ئیسپەر دەڵێت ‹‹ئێمە لە هەماهەنگییەکی نزیکدا دەمێنینەوە لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی سووریادا کە یارمەتییان داین لە تێکشکاندنی خەلافەتی داعش، بەڵام من ئەندامە خزمەتگوزارییە ئەمریکییەکان لە نێوان ناکۆکییەکی دوورودرێژی تورکەکان و کوردەکاندا دانانێم، لەبەر ئەم هۆکارە نییە کە ئێمە لە سووریاین››.

لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژی هەینی لەگەڵ ڕۆژنامەی (زە تێنیسییان)دا، وەزیری دەرەوەی ولایەتە یەکگرتوەکان، مایك پۆمپیۆ، ڕای گەیاند، کە ئیدارەی ترەمپ ‹‹بە تەواوی پاڵپشتیی کوردەکان بوە›› و کە کوردەکانیش هاوپەیمانێکی باشی ولایەتە یەکگرتوەکان بوون. دەیشڵێت ‹‹من زۆر دڵنیام لەوەی کە ئەم ئیدارەیە بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی ئەم گەلەی کە چەند هاوڕێیەکی باش بوون بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا››.

ڕۆژی هەینی ترەمپ فرمانێکی جێبەجێکاری واژۆ کرد کە تێیدا ‹‹سەڵاحیەتی چەند سزایەکی نوێی گرنگ›› دەدات بە وەزارەتی دارایی تاکوو بە سەر تورکیایدا بسەپێنن بەرانبەر بە کردارەکانی لە سووریادا، بەڵام وەزیری دارایی ولایەتە یەکگرتوەکان، ستیفان منوچن، دەڵێت کە ولایەتە یەکگرتوەکان هیچ پلانێکی هەنووکەیی نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم سزایانە.

ڕاگەیەنراوەکەی وەزارەتی دارایی دەڵێت، مەبەست لە هەڕەشەی ئابڵووقەدان لە لایەن ترەمپەوە ئەوە بوو، کە تورکیا دوور بخاتەوە لەو کردارانەی کە بریتین لە ‹‹کردنە ئامانجی سیڤیلیان و، کردنە ئامانجی ژێرخان و تەلاری سیڤیلیان و، کردنە ئامانجی کەمینە نەژادی یاخود ئاینییەکان››.

ترەمپ، کە مەیلێکی ئاشکرای هەیە بە لای سەرکردە زۆردارەکاندا، لە تشرینی دووەمدا سەرۆکی تورکی ڕەجەب تەیپ ئەردۆگانی بانگێشت کرد بۆ کۆشکی سپی.

ژەنەڕاڵ مارك میلی

ڕۆژی پێنجشەممە مەزڵووم بە ڕۆیبەکی گوت ‹‹من دوو ڕۆژە دانم بە خۆمدا گرتوە، تاکوو نەچم بۆ لای ڕاگەیاندنەکان و نەڵێم کە ئەمریکا دەستبەرداری ئێمە بوە و کە ئارەزووی ئەوە دەکەم ئێستا ئێوە لە ناوچەکە بڕۆنە دەرەوە تاکوو بتوانم بانگهێشتی فڕۆکەکانی ڕووسیا و ڕژێم بکەم، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاسمانی ئەم ناوچانە. یان ئەوەتا ئێستا ئەم بۆمبارانەی سەر گەلەکەمان ڕابگرن، یاخود لابچن تاکوو بتوانین ڕێگە بە ڕووسییەکان بدەین بێنە ناوەوە››.

ڕۆیبەك بە مەزڵوومی گوت کە هیچ بڕیارێکی بەپەلە نەدات و گوتی کە پەیامی سەرکردە کوردییەکان بە وەزارەتی دەرەوە دەگەیەنێت و، کە ولایەتە یەکگرتوەکان سەرقاڵی ئەنجامدانی ئاگربەتێکە بۆ ڕاگرتنی پەلامارەکانی تورکیا.

ڕۆژی شەممە (CNN) پێوەندیی کرد بە وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپییەوە بۆ زانینی سەرنجی ئەوان سەبارەت بەم بابەتە.

کاتێك ڕۆژی هەینی لە ژەنڕاڵ مارك میلی پرسیار کرا، پەیامی ولایەتە یەکگرتوەکان چییە بۆ هێزە دیموکراتەکانی سووریا کە لە لایەن کوردەوە ڕابەرایەتیی دەکرێت، مارك گوتی، ‹‹ئێمە بەوان دەڵێین کە لەم ساتەوەختەدا کاردانەوەیەکی تووندیان نەبێت و، هەوڵ بدەن دۆخەکە هێور بکەنەوە تاکوو ڕێگە بە جۆرێك لە چارەسەری دیپلۆماتی بدرێت بۆ ئەم دۆخەی ئێستا››.

چەند بەرپرسێکی سەربازی و بەرگریی ولایەتە یەکگرتوەکان بۆ (CNN) دوان و دڵگرانیی خۆیان دەربڕی بەرانبەر بە ڕەفتاری ئیدارەی ترەمپ لەم ڕووداوانەدا.

بەرپرسێکی ولایەتە یەکگرتوەکان گوتی: ئاشکرا دیارە کە هەندێك لە بەرپرسە سەربازییە باڵاکانی ولایەتە یەکگرتوەکان زۆر تووڕەن لەو ڕەفتارەی بەرانبەر بە کوردەکان کراوە.

بەرپرسێکی باڵای تری وەزارەتی بەرگریی ولایەتە یەکگرتوەکان بە (CNN)ی ڕاگەیاند، ‹‹ئێمە تەماشا دەکەین، دوەم گەورەترین سوپا لە ناتۆدا هێرش دەکاتە سەر یەکێك لە باشترین هاوپەیمانەکانمان لە بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمدا››.

بەرپرسێکی ولایەتە یەکگرتوەکان کە بە بارودۆخی سووریا ئاشنایە بە (CNN)ی ڕاگەیاند، خەمی ئەوەیانە تەماحی ئۆپراسیۆنەکەی تورکیا لە سووریادا زیاد بکات، کە ئەنقەرە هەوڵ بدات ناوچەیەك کۆنترۆڵ بکات کە لە سنووری عێراقەوە دەست پێ دەکات، تاکوو ئەو ناوچانەی خۆرئاوای باکووری سووریا کە لە ئێستادا لە ژێر کۆنترۆڵی تورکیدان – ناوچەیەك کە بە شێوەیەکی سەرەکیی کوردەکان و چەند کەمینەیەکی تر نیشتەجێین.

پێشتر بەرپرسانی تورکیا بە ولایەتە یەکگرتوەکانیان ڕاگەیاندوە، کە مەودای ئۆپراسیۆنەکە بچووکترە و، تەنها جەخت دەکاتە سەر ئەو ناوچانەی کە پێشتر ناوچەی ئارامی تورکی- ولایەتە یەکگرتوەکان بوون.

ئەو بەرپرسە دەڵێت کە تۆپبارانەکانی ڕۆژی هەینی نزیك سوپای ولایەتە یەکگرتوەکان لە چواردەوری کۆبانێ بەڵگەن بۆ ئەوەی کە تورکیا لە دەرەوەی ئەو ناوچانە کار دەکات کە بۆ ولایەتە یەکگرتوەکانی دەستنیشان کردبوو.

سەرچاوە: CNN

KURDISTAN
DIPLOMATIC

پەلاماری تورکیا: ساتەوەختێکی کارەساتبار لە دۆستایەتیی ئەمەریکا!

نووسینی: جێرێمی باوێن
وەرگێڕانی: د. ژیار فەلاح

orientXXI

دارِشتنەوەی نەخشەی جەنگی سووریا نزیکەی هەفتەیەکی پێچوو، لەو حەوت رۆژەی کە تێیدا (دۆنالْد ترەمپ) بە قسەی خۆی ‹‹ژیرییە مەزن و بێوێنەکەی خۆی›› بە کار هێنا بۆ فەرمانکردن بە کشانەوەی سووپای ولایەتە یەکگرتووەکان لە باکووری سووریا.

ترەمپ زنجیرەیەك ڕووداوی هەڵگیرسان، کە ناپاکییان لە هاوپەیمانێکی ئەمریکا کرد، کوردانی سووریا، چەندین دەرفەتی زۆر و زەوەندی بە ڕووی تورکیا، ڕژێمە سوورییەکەی (بەشار ئەسەد) و لایەنگرانی ڕژێمی سووریا، وەك ڕووسیا و ئێران، تووندڕەوە جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا (داعش) کردەوە.

هەشت ساڵی جەنگ لە سووریا شێوەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی گۆڕیوە. ماوەی ڕابردوو خاڵێکی تر وەرچەرخان بوو. دەشێت حیکمەتی (ترەمپ) یارمەتی دابێت پێشبینی ڕووداوەکان بکات. یاخود دەشێت کە خووی ترەمپ لە گۆڕتن بۆ هەستە غەریزەییەکانی خۆی هەڵەیەکی جددی بێت، کاتێك بابەت ئاڵۆزییە بێکۆتاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە.

چەندین ساڵە ڕوون و ئاشکرا دیارە کە چارەنووسی سووریا لە لایەن کەسانی بیانییەوە دەستنیشان دەکرێت، نەوەك لە لایەن سوورییەکانەوە. تەداخولکارییە بەردەوامەکان بوونەتە هۆی هێشتنەوە و توندکردنەوەی جەنگی سووریا. نووسین سەبارەت بە کێبڕکێی دەسەڵات و کاریگەریی لە سووریادا دەبێت بە قوربانییەکانی جەنگ دەست پێ بکات. هەموو بادانێکی قورمیشی سەربازی مانای کارەسات و زۆر جار مەرگی کەسانی سڤیلە. دەبێت تەماشاکردنی ڤیدیۆی ئەشکەنجە و ئازاری ئەم کەسانە کارێکی ئیجباری بێت، بۆ ئەو سەرکردانەی فەرمانی سەربازی دەردەکەن. ئەو جۆرە وێنانە زۆر بە ئاسانی لەسەر ئینتەرنێت و لەسەر تەلەڤزیۆن دەدۆزرێنەوە.

بڕیارەکەی (ترەمپ) بۆ کشانەوەی ولایەتە یەکگرتووەکان لەو شتەی کە پێی دەڵێت جەنگێکی بێ کۆتا بوە هۆی هەڵگیرسانی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا، تاکو هێزەکانی ڕەوانەی سووریا بکات. (ڕەجەب تەیب ئەردۆگان)ی تورکیا ڕای گەیاند «ئەو ئامانجی کوردەکانی هێزە دیموکراتەکانی سووریایە، چونکە ئەم کوردانە هاوپەیمانی کوردە یاخییەکانی تورکیان». پلانی (ئەردۆگان) کۆنترۆڵکردنی هەر دوو لای سنوورەکەیەتی لەگەڵ خۆرهەڵاتی باکووری سووریادا، دامەزراندنی ناوچەیەکی داگیرکراوە بە قوواڵی (23) کیلۆمەتر لەم ناوچەیەدا. پاشان دەیەوێت کە زیاتر لە دوو ملیۆن ئاوارەی سووریی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە بکات.

کاتێك کە ولایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری دا بە مەشقپێکردن و پڕچەککردنی کوردانی سووریا، بە هەمان شێوە هەندێك لە عەرەبی سووریاش، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەوان زۆر چاك ئاگاداری کێشەیەك بوون، ئەویش ئەوەیە کە هاوپەیمانە کوردەکانیان وەك تیرۆریست تەماشا

برپارەکەی (تەمپ) بۆ کشانەوەی ولایەتە یەکگرتووەکان لەو شتەی کە پێی دەڵێت جەنگێکی بێ کۆتا بوە هۆی هەڵگیرسانی گڵۆپی سەوز بۆ تورکیا، تاکو هێزەکانی ڕەوانەی سووریا بکات

دد

دەکرێن لە لایەن تورکیای هاوپەیمانی ناتۆیانەوە. واشنتۆن چاوی خۆی داخست بە ڕووی ئەو کێشەیەی کە دەکرا وەلابنرێ بەرەو کاتێکی تر لە داهاتوودا. ئێستا ئەو داهاتویە و تەقیوەتەوە.

ماوەیەك لەمەو پێش ژمارەیەکی بچووکی سوپای ولایەتە یەکگرتووەکان سیمبولێکی دیاری گرەنتیی ئارامی و ئاساییش بوون بۆ کوردانی سووریا، کە ببوون بە هاوپەیمانی سەرەکی لە جەنگ دژی تووندڕەوە جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا. کوردەکان لەسەر زەوی دەجەنگین و دەکوژران، لە کاتێکدا ولایەتە یەکگرتووەکان و شانشینە یەکگرتووەکانی بەریتانیا و چەند وڵاتێکی تر هێزی ئاسمانی و چەند سوپایەکی تایبەتییان دابین دەکرد. کاتێك کە خەلافەتەکەی داعش تێکشکا، کوردەکان هەزاران جەنگاوەری جیهادییان لە زیندانەکانیاندا دەستگیر کرد.

بەڵام بە خێرایی کاتی ناردنی چەند وتەیەك لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر لە لایەن ترەمپەوە، کوردانی سووریا ناچاربوون درك بەوە بکەن کە ناپاکییان لێ کراوە، ئەمەیش بوە هۆی سەرهەڵدانی دڵەڕاوکێ و شپرزەیی لە ناو سوپای ئەمریکیدا.

وەزیری بەرگریی ولایەتە یەکگرتووەکان ڕەتی کردەوە کە دەستبەرداری کوردەکان بووبن. بەڵام لەگەڵ پێشڕەویکردنی تورکەکان و کشانەوەی ئەمریکییەکاندا، کوردانی سووریا وا هەستیان دەکرد، کە ولایەتە یەکگرتووەکان دەستبەرداریان بوە. دووبارە لە مێژوە پڕ کێشەکەی خۆیاندا، کوردەکان بوونەوە بە

کوردە ئاوارەکانی ڕۆژئاوا لە سەر سنوور

هاوپەیمانێکی فریودراوی دەسەلاتێکی بیانی. کوردەکان بە ناچاری پەنایان بۆ دوژمنە کۆنەکانیان لە دیمەشق برد.

کوردەکان ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ ڕژێمی سووریا ڕاگەیاند، ڕەزامەند بوون بەوەی کە هێزەکانی سووریا بێنە ئەو ناوچانەی کە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە لە ژێر کۆنترۆڵی دیمەشقدا نەماون، تاکوو سنووری تورکیا بڕۆن. ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ ڕژێمەکەی سووریا. هێزەکان بە خێرایی لەو بنکە سەربازییانە ڕۆشتنە دەرەوە کە لە خۆرهەڵاتی باکووردا ڕایان گرتبوون. لایەنگرانی ڕژێمی سوویا ئاڵای ڕژێمەکەیان بەرز کردەوە.

ڕۆژێکی کارەساتبار بوو بۆ دۆستانی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. هاوپەیمانێتیی لەگەڵ کوردەکاندا، گرەنتیی پاراستنی ئارامی و ئاسایشی پارچە خۆ- بەڕێوەبەرییەکەی کوردان لە سووریا، پشکێکی بە ئەمریکییەکان بەخشیبوو لە کۆتا قۆناغی جەنگەکەدا. بە هەمان شێوە ڕێگەیەك بوو بۆ فشار خستنە سەر پاڵپشتیوانانی ڕژێمی سووریا: ڕووسیا و ئێران. ڕۆیشتنی ئەمریکییەکان، پێشڕەویکردنی سوپای سووریا، بە هەمان شێوە سەرکەوتنێکە بۆ ئەم دوو وڵاتە.

وا دەردەکەوێت کە دەرفەتی نوێ بە ڕووی تووندڕەوە جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامیدا کراوەتەوە. لە سەر بەرنامەی (تێلیگرام)، جیهادییەکان هەڵمەتێکی نوێی تووندوتیژییان لە سووریادا ڕاگەیاندوە. ئەوان ناوچەی خۆیان لە دەستدا، «خەلافەتەکەیان» لە دەستدا، بەڵام ئەو کەسانەی کە لە ئێستادا لە دەرەوەی زیندانن – یاخود لە دەرەوەی گۆڕن – دووبارە خۆیان ڕێکدەخەنەوە لە خانە نووستوەکاندا بۆ ئەنجامدانی چەند هێرشێکی گەریلایی. ئێستا لەگەڵ لاوازبوونی کوردەکاندا، جیهادییەکان دەرفەتێك بە دی دەکەن، بۆ ئازادکردنی هەزاران جەنگاوەر کە لە زیندانە کوردییەکاندا گیراون. هەندێکیان چەند بکوژێکی مەترسیدارن کە دەبنە هەڕەشەیەکی جددی، ئەگەر بتوانن دووبارە چەك و بۆمب هەڵبگرنەوە، هەڕەشەیەك نەك بە تەنها لەسەر سووریا، بەڵکو لە زۆر ناوچەی دوورتریش. جێی خۆیەتی کە حکوومەتە خۆرئاواییەکان خەمی دووبارە نوێبوونەوەی هەڕەشەی داعشییانە.

حکومەتە ئەوروپییەکان، شڵەژاون وەك هەر جارێك کە کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە دەرگایان دەدەن، لە ئێستادا داوا لە تورکیا دەکەن پەلامارەکانی بۆ سەر سووریا ڕابگرێت. هەندێك لە ئەندامانی ناتۆ دەتوانن دەستپێکردنی سیناریۆیەکی تۆقێنەر بە دی بکەن، ئەویش ڕووبەڕووبوونەوەی سووریایە، بە پاڵپشتی هێزی ڕووسی، بەرانبەر بە تورکیا کە هاوئەندامێکی ناتۆیە. ڕووسییەکان دەڵێن ئەوان لە پێوەندییەکی ئاساییدان لەگەڵ تورکیا. بەڵام لە شانۆیەکی تووندوتیژی جەنگدا، هەمیشە چانسی هەڵەلێکدانەوە و هەڵەکردن و گەرمبوونی جەنگ زۆرە. دەشێت ئەوەی ماوەی ڕووی دا قۆناغی کۆتاییی جەنگی سووریای سادە کردبێت. دوو بەشداربووی سەرەکی، ئەمریکییەکان و کوردەکان، لە وێنەکە دەردەکرێن. (بەشار ئەسەد) هاوشانی هاوپەیمانە ڕووسی و ئێرانییەکانی، بەردەوام دەبن لە چەسپاندنی سەرکەوتنی خۆیان لە جەنگە کارەساتبارەکەی سووریادا.

سەرچاوە: https://www.bbc.com/news/world_middle_east_50039856

KURDISTAN
DIPLOMATIC

له جیهاندا، له هیچ دڵنیا مەبە، مردن و باج و خیانەتی ئەمریکا لە کوردەکان نەبێت



وەرگێڕانی: پەیام ئازاد

هەیفاء زەعیتەر

چیرۆکی سەد ساڵ دەستبەرداربوونی

ئەمریکا لە کوردەکان

پاش ئەوەی کۆشکی سپی ڕای گەیاند، هێزە ئەمریکییەکان لە پێگەکانی خۆیان لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا دەکشێنێتەوە، پۆڵ کرۆگمان، نووسەر لە «نیۆرك تایمز» پرسیاری دەربارەی بڕیارێکی لەو شێوەیەی سەرۆك تەرمپ کردوە، کە ڕێ بۆ پڕۆسەی سەربازیی تورکەکان خۆش دەکات: (ئایا ئەوە لەبەر بەرژەوەندیی هاوبەشی ئەمریکا و تورکیایە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە ئەردۆگان، کەسێکی ستەمکار و درندەیە و لەو جۆرە کەسایەتییانەیە، کە تەرمپ کەیفی پێیان دێت؟ یان لەبەر ئەوەیە ڕووسیا داوای لێ کردوە؟).

ئەگەری چوارەم، کە دەشێت بە خەیاڵی کرۆگماندا نەهاتبێت ئەوەیە، ترامپ ئاسایی سەرۆکی ئەمریکایە، ئەو ئەمریکایەی؛ ژمارەی ئەو جارانەی تێیدا دەستبەرداری کوردەکان بوە، یان «خیانەتی لێ کردوون» وەك خۆیان دەڵێن، بە پەنجەکانی یەك دەست ناژمێررێت، زیاتر لە هەشت جار، لە تەوەر و کاتی چارەنووسسازدا، لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا ئەمریکا دەستبەرداریان بوە.

«لە جیهاندا، لە هیچ دڵنیا مەبە، مردن و باج و خیانەتی ئەمریکا لە کوردەکان نەبێت»، جۆن شوارتزی نووسەر، بەو شێوەیە دینامیکای پیوەندیی چەندین ساڵەی نێوان ئەمریکا و کوردەکانی کورت کردەوە، پێی وابوو؛ لە بەرانبەردا کوردەکان هەمیشە پێیان وا بوە، ئەمریکییەکان بە هۆی ئەخلاقی باشی کوردەکانەوە، ئەستێرەیەك بە ناوچەوانیاندا دەکەن.

بەڵام هەموو جارێك، ئەو سیناریۆیەی لێی ترساون ڕووی داوە: وازهێنان و دەستبەرداربوونی ئەمریکییەکان لێیان. ئەگەر بە کورتی وێنەکە ڕوون بکەینەوە: کوردەکان، گروپێکی ئێتنین، نزیکەی چل ملیۆن کەس دەبن، خەون بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە دەبینن، ئێستە لە ناو دەوڵەتانی (تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا)دا دەژین، کە هەر چواریان لە سەر ئەوە کۆکن، ڕێ لە بەدیهاتنی ئەو خەونە بگرن بە هەر ڕێگەیەك بێت، ئەو وێنەیە دەری دەخات، کوردەکان «ئامرازێکی نموونەیی»ین، کە دەکرێت ئەمریکا لە سیاسەتی دەرەوەیدا، دژی هەر کەسێك بیەوێت جارزی بکات، بە کاریان بهێنێت.

با بگەڕێینەوە بۆ لای شوارتز، کە بە پشتبەستن بە «ئەو جارانەی ڕابردوو، کە تێیدا ئیدارەی ئەمریکا ئەو ئامرازەی بەکار هێناوە و پاشان وازی لێ هێناوە ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆی ببێتەوە» دیدی ئەمریکا بۆ ئەو ئامرازە باس دەکات و دەڵێت: (ئەمریکا بەم شێوەیە بیر دەکاتەوە: دەتوانین لە هەر کام لەو چوار دەوڵەتەی کوردەکانی تێدان، ئەگەر کەوتنە دژایەتی لەگەڵمان، کوردەکان چەکدار بکەین، جا بۆ ئاژاوەنانەوە بێت یان بۆ هەر ئامانجێکی تری جیاواز ... هەر ئەوەندە، نە زیاتر).

وێستگەکانی خیانەت .. لە سەرەتای بیستەکانەوە

بۆ تێگەیشتن لە جۆری خیانەتەکە، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەو هەشت وێستگەیەی لە مێژوودا ڕوویان داوە و بە «فێڵە ئەمریکییە یەکەم و بچووکەکە» دەست پێ دەکات.

لەو قۆناغەدا، ئیمپڕاتۆریای عوسمانی و لە ناویشیدا کوردەکان تێکشکابوون، ناسیۆنالیزمی کوردی گەشەی کردبوو و پێی وابوو کاتی ئەوە هاتوە، نیازەکانی بە

لە هەشتاکاندا، کاتێك سەدام حسێن، سەربڕینخانەی بۆ کوردەکان دانا. ئیدارەی ڕۆناڵد ڕیگن، چاك دەیزانی ئێران چەکی قەدەغەکراوی بەکار هێناوە. بەڵام بە هۆی ئەو زیانەی عێراقی ئەو سەردەمە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەی بوو، ڕێگر بوو لەوەی کۆنگرێس سزا بە سەر عێراقدا بسەپێنێت.

دد

دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە ناوی «کوردستان» مەوە بێتە دی، تەنانەت هاوپەیمانە خۆرئاواییەکان، وێنایەکی ئەو دەوڵەتەیان لە پەیماننامەی «سیڤەر»دا کردبوو، کە ئیمپراتۆریای عوسمانی بە تەواوی هەڵوەشاندەوە.

تورکەکان دژی ئەو وێناکردنە بوون، ئەوان لەو پەیماننامەیەدا لە کوردەکان گرینگتر بوون، بۆیە ئەمریکییەکان بە هاوکاریی بەریتانییەکان (فێڵە گەورەکە ئەوان کردیان)، پاڵپشتییان لە پەیماننامەیەکی نوێ کرد، (لۆزان، ساڵی 1923ز). لۆزان، ڕێگەی بە بەریتانییەکان دا، عێراق و سووریا دابەش بکەن، بەڵام هیچ خاڵێکی لە بەرژەوەندیی کوردەکان تێدا نەبوو.

لە پاش جەنگی دوەمی جیهانی، ئەمریکا ڕۆڵی بەریتانیای وەك هێزی کۆڵۆنیاڵیستی سەرەکیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پڕ کردەوە.

«عەبدولکەریم قاسم»ی سەرەککۆماری عێراق، بە نیسبەت ئەمریکاوە «پیاوێکی گوێڕایەڵ» نەبوو، بۆیە لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا، لە نێوان 1958 بۆ 1963 ئەمریکا، کوردەکانی عێراقی لە دژی چەکدار کرد.

ساڵی 1963ز، ئەمریکا پاڵپشتیی لە کودەتای سەربازیی دژی قاسم کرد، کە سەدام حسێنی گەنج لەو سەردەمەدا، ڕۆڵێکی بچووکی تێدا گێڕا. لەگەڵ ئەو پەرەسەندنەدا، ئەمریکا دەستبەجێ هاوکارییەکانی خۆی لە کوردەکان بڕی، بەڵکوو لەوەیش زیاتر، ناپاڵمی دا بە حکوومەتی نوێی عێراق، بۆ ئەوەی لە پڕۆسەی سەرکوتکردنیاندا بە کاری بهێنێت، ئەمە «باری لاندۆ» لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی «تۆڕێك لە خەڵەتاندن: میژوویی فرتوفێڵی خۆرئاوایی لە عێراق، لە چەرچڵەوە بۆ کەنەدی و بۆ جۆرج دەبلیو بۆش – 2007ز» دۆکیۆمێنتی کردوە.

لە حەفتاکاندا، عێراق لە خولگەی سۆڤیەت نزیك بوەوە، پلانی ئیدارەی نیکسۆن، بە سەرپەرشتیی هێنری کیسنجەر و بە هەماهەنگی لەگەڵ ئێرانی شای هاوپەیمانی ئەو سەردەمە، چەکدارکردنی کوردەکانی عێراق بوو. ئێران هەرگیز ڕازی نەبوو، لە پلانێکدا سەرکەوتنی یەکجارەکیی بۆ کوردانی عێراق مسۆگەر بکات (لەبەر هۆکارە بەناوبانگەکە: نەبێتە هۆی هاندانی کوردەکانی ناو خۆی)، بەڵام دڵنیا بوو لەوەی تەنها بۆ تەنگەڵچنینە بە حکوومەتی عێراق.

لە ڕاپۆرتێکی دواتردا بۆ کۆنگرێس هاتوە: (کەیارەکانمان «کوردەکان» لەو پلانە ئاگادار نەکردبوەوە، تەنها هانمان دان، لە شەڕکردن بەردەوام بن. تەنانەت لە هەڵکەوتەی کاری نهێنییشدا، ئەوەی کردمان ڕەفتارێکی بێباکانە بوو).

پاشان چرکەساتی خیانەتەکە هات، ئەو کاتەی شا و سەدام حسێن ساڵی 1975 ڕێککەوتننامەی جەزائیریان مۆر کرد، یەکێك لە خاڵە سەرەکییەکان، بڕینی هەموو هاوکارییەك لە کوردەکان بوو، لە ژێر ئەو ڕۆشناییەدا، هێزە عێراقییەکان بەرەو باکوور جووڵان و هەزاران کەسیان سەربڕین، ئەو سەردەمە هاوار و سەدای ئەوان نەدەگەییشتە «هاوپەیمانە ئەمریکییەکان»یان، وەك مەلا مستەفای بارزانی ئەو سەردەمە لە نامەکەیدا بۆ کیسنجەر باسی کردوە.

وەلامە گاڵتەجارانەکەی کیسنجەر لەو سەردەمەدا، سەرەڕای جیاوازیی گەورەی کەسایەتییان، بەڵام وەلامەکانی

ئێستای تره‌مپمان بیر ده‌خاته‌وه. زۆر به ساده‌یی نووسیبووی: (نابێت کاری نهێنی و کاری موژده‌ده‌ران «بانگه‌وازی دینی» تێکه‌ڵ بکرێن).

له هه‌شتاکاندا، کاتێك سه‌دام حسێن، سه‌ربڕینخانه‌ی بۆ کورده‌کان دانا، ئیداره‌ی ڕۆنالد ڕیگن، چاك ده‌یزانی ئێران چه‌کی قه‌ده‌غه‌کراوی به‌کار هێناوه، به‌ڵام به هۆی ئه‌و زیانه‌ی عێراقی ئه‌و سه‌رده‌مه بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هه‌ی بوو، ڕێگر بوو له‌وه‌ی کۆنگرێس سزا به سه‌ر عێراقدا بسه‌پێنێت، له‌و هه‌وڵانه‌شیدا، هه‌ندێك له میدیاکان هاوکاری بوون و په‌خشکردن و گواستنه‌وه‌ی ئه‌و سه‌ربڕینخانه و کوشتاره‌یان په‌رده‌پۆش کرد و پشتگوێ خست.

کاتێك، له نه‌وه‌ته‌کان و له ماوه‌ی جه‌نگی که‌نداوا، ئه‌مریکا ده‌ستی کرده بۆمبارانکردنی عێراق، سه‌ره‌ك جۆرج بۆش بانگه‌وازی کرد بۆ «گه‌لی عێراق و سوپای عێراق» جڵه‌وی ده‌سه‌ڵات بگرنه ده‌ست و دیکتاتۆر ناچار به چۆکدادان بکه‌ن.

ئه‌و سه‌رده‌مه، شیعه و کورده‌کانی عێراق، پێت به پێت په‌یامه‌که‌یان وه‌رگرت، پێیان وابوو له‌گه‌ڵ ئه‌وانیه‌تی، به‌ڵام دواتر شیکاره سیاسییه‌کان ده‌ریان خست: بۆش له قسه‌کانیدا ڕاستگۆ نه‌بوه، ئه‌و ده‌یویست ته‌نها سوپا، جڵه‌وی کاره‌کان به ده‌سته‌وه بگرێت و ڕێ به هیچ بزووتنه‌وه‌یه‌کی دیموکراسی نه‌درێت،تا عێراق ئه‌نجومه‌نێکی سه‌ربازی ببات به‌ڕێوه نه‌ك سه‌دام، ئه‌مه به به‌ڵگه‌ی قسه‌کانی تۆماس فریدمان له نیۆیۆرك تایمز.

له سه‌رده‌می بیل کلینتۆنیشدا، کورده‌کانی عێراق، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دژی سه‌دام له‌گه‌ڵیدا بوون، «کوردی باش» بوون، به‌ڵام دراوسێکانیان، کوردانی تورکیا، له کورده» خراپه‌کان» بوون چونکه تورکیای هاوپه‌یمانی ئه‌مریکایان تووڕه ده‌کرد، بۆیه چه‌کی ده‌نارد بۆ تورکیا، ئه‌ویش له کوشتنی هه‌زاران و ویرانکردنی گونده‌کانیاندا دریغیی نه‌ده‌کرد.

شوارتز ئه‌و قسانه باس ده‌کات، که شاره‌زایان دوای جه‌نگی ساڵی **2003**ی عێراق کردیان، له‌وانه‌یش کریستۆفه‌ر هیچێنز، که پێی وا بوو «پێویسته ئه‌مریکا له پێناوی کورده‌کاندا بجه‌نگێت»، له دیالۆگێکی نێوان، «دانیاڵ ئێلزبێرگ» دزه‌پێکه‌ری ئه‌و دۆکیۆمێنتانه‌ی له شه‌سته‌کاندا به ناوی «دۆکیۆمێنته‌کان پێنتاگۆن»ەوه ناسران، له‌گه‌ڵ «ویلیام کریستۆڵ»ی

هێزه‌کانی سوریای دیموکرات له‌کاتی ئه‌نجامدانی ئۆپه‌راسیۆندا

نووسەری نزیك لە کۆنزەرڤاتیڤە نوێیەکاندا.

لە دیدارەکەدا، ئێلزبێرگ دەڵێت: (کوردەکان هەموو ئەو هۆکارانەیان لە بەردەستدایە، بۆ گومانکردن لەوەی جارێکی تر ئەمریکا وەك جارانی پێشوو خیانەتیان لێ دەکات. کە ئەمڕۆ بانگهێشتی تورکیامان کرد بەشداریی جەنگی عێراق بکات، مایەی دڵنیایی کوردەکان نییە). کریستۆڵ وەڵامی دەداتەوە: (من دژی ئەوەم خیانەتیان لێ بکرێت. بە دڵنیاییەوە تۆ مەبەستت ئەوە نییە، خیانەتەکانی ڕابردوومان دەبێتە بیانوو تا ئەم جارەیش خیانەتیان لێ بکەینەوە؟). وەڵامەکەی ئیلزبێرگ یەکلاکەرەوە بوو: (پێویستە خیانەتیان لێ نەکەین، بەڵام بە داخەوە، دەیکەین). کریستۆڵ بەو ڕایە ڕازی نەبوو، بەڵام ئێلزبێرگ لە سەر حەق بوو!

شوارتز دەڵێت؛ سەربەخۆیی دوای جەنگی کوردەکانی عێراق، بارگرژییەکی گەورەی بۆ تورکیا دروست کردبوو، بۆیە ئەمریکا ساڵی 2007 ڕێگەی دا، هەڵمەتێکی بۆمبارانی چڕ و توندوتیژ لە دژیان بەرپا بکات.

ئەو کات گۆڤارەکەی کریستۆڵ «ویکلی ستاندارد» نووسی: (ڕێك، ئەمە ئەو خیانەتەیە پێویستە ئەمریکا بیکات)!

ئەڵقەی کۆتایی؟ مێژوو پێچەوانەکەی دەڵێت

لە درێژەی زنجیرەی خیانەتە بەردەوامەکاندا، ئەڵقەی ترامپ لەگەڵ کوردانی سووریا نوێترینیانە. «هێزەکانی سووریای دیموکراتی» ساڵانی 2014 و 2015، شەڕی زۆر قورسیان بەرانبەر هێزەکانی داعش ئەنجام دا، هاوکات لە بەرانبەر «نەصرە»ش کەوتنە شەڕەوە، لەگەڵ هاتنەناوەوەی سەربازیی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی تر بە ئامانجی لەناوبردنی داعش، لە دوای پڕۆسە خوێناوییەکانی داعش لە ئەورووپا و کوشتنی بارمتە و ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی، چەکدارە کوردەکان ئەو کاتە، «تاکە لایەنی شایستە» بوون، ڕازی بوون لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کار بکەن.

کاتێکیش ترەمپ بڕیاری کشانەوەی دا، گوتی: (لەوەیە خەریك بین لە سووریا بکشێینەوە، بەڵام دەستبەرداری کوردەکان نابین، ئەوان گەلێکی ناوازە و چەکداری قەشەنگن)، بەڵام (هاوبەشیمان لەگەڵ تورکیا لە ناتۆ و لە بازرگانیشدا زۆر چاکە).

ڕۆژنامەی «تایمز» لە لاپەڕەی یەکەمیدا نووسیویەتی؛ ناکرێت بە هۆی ئەو کێشەیە ئەوڕۆ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕووبەڕووی بوەتەوە، لۆمەی ترەمپ بکرێت، هۆکارەکە بڕیاری پێشووتری سەرۆك باراك ئۆبامایە، بەوەی بڕیاری دا یارمەتیی هێزەکانی سووریای دیموکرات بکات و چەکداری کردن».

لە بەرانبەردا، ڕۆژنامەکە پێی وایە، گەورەترین کێشە لە مامەڵەی دڵڕەقانەی ترەمپ لەگەڵ کوردەکاندا، ئەو پەیامانەیە کە بۆ هاوپەیمانەکانی تری دەنێرێت، ئەویش ئەوەیە: «ئەمریکا، هاوپەیمانێکە نابێت پشتی پێ ببەستیت».

بە نیسبەت کوردەکانەوە، سەرۆکەکان هەر کێ بووبن هیچ ناگۆڕێت و نەگۆڕاوە. لە هەموو جارەکاندا، لەگەڵ خیانەتە جۆراوجۆرەکانی ئەمریکییەکاندا ژیاون، قسە بەناوبانگەکەیان «کورد دۆستی نییە، چیاکان نەبێت» بە ڕاست گەڕاوە ... هەر چی ئەمریکییەکانن، تەنها ئەو کاتە دۆستیانن، کە بەرژەوەندییەکانیان وا بخوازێت.

لە کۆتاییدا، ئەمریکییەکان کاتێك کۆمەکی کوردەکان دەکەن، نایانەوێت سەرکەوتنی یەکلاکەرەوە بە دەست بهێنن، چونکە کوردەکانی تر، ئەوانەی لە وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکادان، بە هۆی ئەو سەرکەوتنەوە «بیرۆکەی نەخوازراو»یان دێ بە مێشکدا، ئەمەیش پێچەوانەی خاڵی مامەڵەکردن لەگەڵ «ئامرازەکان»ە، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا.

سەرچاوە:

هيفاء زعيتر، «ببساطة سوف نخونهم»... قصص تخلي أمريكا عن الأكراد منذ مئة عام حتى الآن، موقع رصيف 22، 11 أكتوبر 2019.

KURDISTAN
DIPLOMATIC

ڕێککەوتنی کوردەکان و حکوومەتی ئەسەد کێ سوودمەندی یەکەمە؟

عیماد حەسەن

وەرگێڕانی: ئاران عەلی

DW

چاودێران لەو باوەڕەدان کە ڕێککەوتنی نێوان ئیدارەی خۆسەریی کوردەکان و حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد بۆ هەر دوو لا وەك ئەو چڵەپووشە وایە، کە لە دەمی نقوومبوونداپەنای بۆ دەبرێت. کوردەکان وەها بیر دەکەنەوە، کە پاش ئەوەی ئیدارەی ترەمپ دەستبەرداریان بوو، لە کاتێکدا کە ئەوروپایش هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری نییە لە ناوچەکەدا، هیچ بواریەك نەماوەتەوە لە بەردەمیاندا جگە لە هانابردن بۆ حکوومەتی بەشار ئەسەد.

پاش ئەوەی سالانێکی زۆر حکوومەتی سووریا هەموو جۆرە ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کوردەکان ڕەت دەکردەوە و بە گروپی میلیشیایی ناوی دەبردن، هاوکات کوردەکانیش هەموو جۆرە ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ دیمەشق ڕەت دەکردەوە و بە ستەمکار و دیکتاتۆر ناویان دەبرد، کەچی لە سەرەتاکانی مانگی ئۆکتۆبەری 2019دا، هەر دوو لا ڕایان گەیاند، گەییشتوونەتە ئەجێندایەکی هاوبەش بۆ بڵاوکردنەوەی سوپای سووریا بە دەڤڕاییی سنوورەکانی سووریا لەگەڵ تورکیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا و هێزە میلیشیاکانی لە ناو خاکی ئەو وڵاتەدا.

ئایا دیمەشق براوەی یەکەمە؟

وێڕای ئەوەی حکوومەتی سووریا بە هیچ شێوەیەك لە ڕاگەیاندنە فەرمییەکانی خۆیەوە باسی لەم ڕێککەوتنە نەکرد بە فەرمی، بەڵام بێ گومان نەدەهاتە ناو ڕێککەوتنێکی وەهاوە، ئەگەر لە سەر زەمینەی واقیع دەستکەوتگەلێك بە دەست نەهێنێت. ستراتیژی لەپێشینەی دیمەشق ئەوەیە، بچێتە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی وڵاتەکەی، دواتریش دەست بکات بە دانوستان لە سەر کۆنترۆڵکردنەوەی بەشەکانی باکووری وڵاتەکەی.

بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی ئەدەنە، کە ساڵی 1998 لە نێوان سووریا و تورکیادا ئیمزا کراوە، دەبێت دیمەشق دەست هەڵبگرێت لە پشتیوانیکردنی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕێگە نەدات بە یەکەکانی پەکەکە کە لە دەرەوە بێنە ناو سووریا، هاوکات ئەو وڵاتە لە سەر ئاستی فەرمی بەڵێنی بە تورکیا داوە، هەموو چالاکییە فەرمییەکانی گروپە سیاسی و چەکدارییەکانی سەر بە پەکەکەی قەدەغە کردوە.

چاودێرانی نزیك لە بارودۆخی ناوچەکە، پێیان وایە، بوونی سوپای سووریا لە سەر ئەو سنوورە وەك لایەنێکی جیاکەرەوە لە نێوان کوردەکان و تورکەکان، یەکێکە لە گرەنتییەکان کە دەکرێت ڕژێمی سووریا پێشکەش بە تورکیای بکات. لای خۆیەوە دیمەشق بە باکگراوندێکی بەهێزەوە دەچێتە هەر دانووستانێکەوە لەگەڵ تورکیادا، چونکە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی خۆی بە دەست هێناوەتەوە.

یەکێك لەو خاڵانەی کە بە دڵنیاییەوە سووریا لە هەر ڕێککەوتنێکی داهاتوویدا لەگەڵ تورکیادا داوای دەکات، دەستبەرداربوونی تورکیایە لە پشتیوانیکردنی ئۆپۆزسیۆنی سووریا، یاخود لانی کەم کەمکردنەوە و بڕینی سەرچاوەکانیان و قەتیسکردنیان لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا. لای خۆیەوە یەکێك لە خاڵەکانی جێگەی داواکاریی تورکیا، بریتی دەبێت لە گێڕانەوەی ئاوارە سوورییەکانی وڵاتەکەی بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی دیمەشق،

ئەوەیش لە بەرانبەر بەرەوپێشچوونی مەیدانیی حکوومەتی سووریا و تێگەییشتنی سیاسی لە سەر بنەمای لێکتێگەیشتنی ئەستانە.

کوردەکان؛ دەستبردن بۆ «کەمترین زیان»

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هێزەکانی تورکیا لە قوواڵیی خاکی سووریادا و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە باکووری سووریا، لە واقیعی زەمینیدا هێزە کورددییەکان ڕووبەڕووی گرفت و کێشەی گەورە بوونەوە، لەم بارەیشدا ئەوەی لە دەستیان دەهات تەنها هەنگاونان بوو بۆ سووککردنی فشارەکانی سەریان بە هەر جۆرێك بوە.

پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە کوردەکان هۆکاری پشت ئەم ڕێککەوتنەیان بۆ ئەوە گێڕایەوە، کە پاش ئەوەی هاوپەیمانێتیی نێودەوڵەتی و لایەنی ئەمریکی دەستیان هەڵگرت لە پاراستنی سنوورەکان و ناوچەکەیش لە هەڕەشەکانی تورکیا و گڵۆپی سەوزیان داگیرساند بۆ هێرشەکانی تورکیا، کوردەکان ناچار بوون بۆ هەنگاونان بەرەو گەڕان بە شوێن بژاردەیەکی تر، ئەویش گفتوگۆکردنە لەگەڵ ئەسەد و مۆسکۆدا، بە مەبەستی دۆزینەوەی دەرچەیەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هێرشانە، چونکە گەلێك ڕووبەڕووی کوشتاری بە کۆمەڵ دەبێتەوە.

هەندێك لە چاودێرە سیاسییە کوردەکان باس لەوە دەکەن، کوردەکان بە بەرزکردنەوەی ئاڵای سووریا لە جیاتی ئاڵای ئەمریکا، گەورەترین سوودمەند دەبن. هاوکات بەم هەنگاوە کوردەکان کارتێکی نوێیان بەرز کردەوە بە ڕووی تورکیادا، وەك هەوڵێك بۆ ئەوەی تورکیا هیچ پاساوێکی بە دەستەوە نەبێت بۆ ئەنجامدانی پڕۆسەی سەربازی بۆ سەر باکووری سووریا، چونکە چیی تر کوردەکان لە لایەن حکوومەتێکی خاوەن سەروەرییەوە دەپارێزرێن، کە ئەویش هێزێکی نێودەوڵەتیی وەك ڕووسیای لە پشتەوەیە، هەموو ئەمانەیش زیان و زەرەری کوردەکان لە واقیعدا کەم دەکاتەوە. بە گشتی دەتوانین بڵێین کە لایەنی کوردی لە داهاتوویەکی دووردا زیان دەکات و دۆڕاو دەبێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت خراپترین ڕێککەوتن باشترە لە هەر جەنگێك لە مەودای دووردا.

هاریکاریی هاوبەش دژ بە ئۆپۆزسیۆن؟

ڕاستەوخۆ پاش ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنەکە، پرسیارێکی تر خۆی زەق دەکاتەوە: ئایا دەشێت هەر دوو لایەنی کوردەکان و حکوومەتی دیمەشق هاریکاریی یەکتر بکەن دژ بە یەکە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە لە لایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن؟ بە تایبەت کە هەر دوو لا کێشەی خۆیان هەیە لەگەڵ ئەم ئۆپۆزسیۆنەدا. ئەم هاریکارییە ڕەنگە ڕوو بدات، بەڵام لە سەر ئاستێکی فراوان نا، ڕەنگە تەنها لە ئیدلیب ڕوو بدات، ئەویش لە سەر ئاستێکی زۆر فراوان.

ئێستا لە نیگای چاودێرە تورکەکانەوە، جەنگاوەرە کوردەکان لە پێگەیەکی گەلێك لاوازدان، پاش ئەوەی ئەمریکا دەستی لێ هەڵگرتن. ڕەنگە تاکتیکی حکوومەتی سووریا لەم بارەیەوە ئەوە بێت، کە کوردەکان بە کار بهێنێت لە شەڕی کۆنترۆڵکردنەوەی ئیدلیبدا، لە بەرانبەر بەدەستهێنانی پارێزگاری لە لایەن حکوومەتی سووریا و هێزەکانی ڕووسیا و میلیشیا ئێرانییەکانەوە.

گرەنتیی ئەم ڕێککەوتنە چییە؟

بەڵام ڕێککەوتنێکی لەم جۆرەهەلە لەبەرئەوەتاوەشاڵێدەڵێ دیارە بۆ گومان

ئێستا لە نیگای چاودێرە تورکەکانەوە، جەنگاوەرە کوردەکان لە پێگەیەکی گەلێك لاوازدان، پاش ئەوەی ئەمریکا دەستی لێ هەڵگرتن

هێزەکانی سوریای دیموکرات ئامادەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای تورکیا

پێویستی بە گرەنتییە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا ڕادەیەکی زۆر لە شانۆکە کشاوەتەوە. وەک چۆن یەکێتیی ئەورووپا پێ ناچێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەم ساتەوەختەدا، کە لە پێشووشدا بە شێوەیەکی بەهێز و یەکلاکەرەوە دەستی لە هەندێک وردەکاری وەرنەداوە.

چاودێران لەو باوەڕەدان کە ڕووسیا تاکە لایەنە بۆ زامنکردنی بەردەوامیی ئەم ڕێککەوتنە، چونکە ئەوەی ڕووسیا دەیەوێت دانوستانی نێوان تورکیا و سووریایە، ئەم ڕێککەوتنەیش ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ ئەو هەنگاوە. بەڵام پرسەکە پێویستی بە ڕێککەوتنی لۆکاڵییش هەیە، بە جۆرێک کە هێزە چەکدارە کوردییەکان و حیزبە سیاسییەکان ببنە بەشێک لە ئیدارەی ناوخۆیی ناوچەکانیان.

سەرچاوە: https://www.dw.com/ar

KURDISTAN
DIPLOMATIC

هێرشی تورکیا بۆ سەر باکووری سووریا تەماحی کۆن، هەڕەشە لە داهاتووی کوردەکان دەکات

کەیس وینتەر (ڕۆژنامەنووسێکی ئەڵمانییە) بۆ دوێچە ڤێللا

وەرگێڕانی:کوردستان دیپلۆماتیک

DW

تورکیا، ئەو هێرشە سەربازییەی دژ بە پێگەکانی چەکدارە کوردە پاڵپشتیکراوەکان لە لایەن ئەمریکاوە ئەنجام دا، کە دەمێک بوو هەڕەشەی ئەنجامدانی دەکرد. کوردەکان لە باکووری سووریان. بەم کارەی تورکیا ڕێگەی بۆ لافاوێکی خوێن و بارگرژیی خۆش کرد، کە دەشێت چەند ساڵێکی داهاتوو لە ناوچەکەدا بەردەوام بێت.

بە شێوەیەکی کتوپڕ، دۆناڵد ترەمپی سەرۆککۆماری ئەمریکا، بڕیاری کشانەوەی هێزە ئەمریکییەکانی لە سەر سنووری تورکیا – سووریا دا، بەمەش ڕێگەی لە بەردەم تورکیا خۆش کرد، پرۆسە سەربازییەکانی دژ بە هێزەکانی سووریای دیموکراتی ئەنجام بدات، کە کوردەکان سەرکردایەتی دەکەن.

سەرەڕای ناڕەزایی پێنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە و زۆرینەی کۆنگرێس، بەڵام ئەو گلۆپە سەوزە ئاشکرایەی ترامپ بۆ تورکیای هەڵ کردوە، ئاماژە بە دەستبەردانی سەیروسەمەرەی ئەمریکا لە هیزەکانی سووریای دیموکراتی «هەسەدە» دەکات، ئەو هێزانەی بە پێی ڕاگەیاندنی خۆیان، زیاتر لە یازدە هەزار چەکداریان لە هێرشەکان بۆ سەردەوڵەتی ئیسلامی «داعش» شەهیدبوون.

پاڵنەرەکانی تورکیا:

تورکیا، یەکینەکانی پاراستنی گەلی کوردی، پێکهاتەی سەرەکیی هێزەکانی سووریای دیموکرات، بە گروپێکی تیرۆریستیی پێوەندیدار بە پارتی کرێکارانی کوردستان دەزانێت، پەکەکە نزیکەی چوار دەیە دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد، لەگەڵ تورکیا لە شەڕدایە.

ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرکۆماری تورکیا، دەیان جار هەڕەشەی ئەنجامدانی پرۆسەی سەربازیی لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا کردووە، کە لەوێدا و لە میانەی جەنگی ناوخۆیی سووریادا، کوردەکان لەگەڵ عەرەبە هاوپەیمانەکانیان و مەسیحییەکانی ناوچەکەدا، ناوچەیەکی نیمچە ئارامیان پێك هێناوە، لە ڕووی دیفاکتۆوە خاوەنی خۆبەڕێوەبەرییە.

ئەزموونی کوردەکانی سووریا لەو «خۆسەری دیموکراتی»یەی بە دەستیان هێناوە، کە پشت بەو پرەنسیپە کۆمەڵایەتییە لیبراڵییانە دەبەستێت، عەبدوڵڵا ئۆجالانی سەرکردەی پارتی کرێکارانی کوردستان تەبەنایان دەکات، بریتییە لە ئاڵنگارییەکی سیاسی و ئایدۆلۆژیی ڕووبەڕووی تورکیا بوەتەوە، ئەمەیش لە هەڕەشەی سەربازی مەزنترە.

تورکیا لەوە دەترسێت، ئەو دەستکەوتانەی کوردەکان بە دەستیان هێناون، هاوڵاتییە کوردەکانی خۆی هان دەدات، ویلایەتێکی بچووکی سەر بە پارتی کرێکارانی کوردستان لە سەر سنوورەکانی خۆی دروست بکەن. خاڵە بەهێزە سەربازی و سیاسی و هەڕێمایەتییەکان، کە کوردانی سووریا ئێستا هەیانە، کارتی بەهێزن لە هەر چارەسەرییەکی سیاسی لە سووریادا، کە داوای بکەن، لە میانەی دانان بە مافەکانی کورد و ڕەتکردنەوەی سەنتەرگەرایی دەسەڵات، تورکیا ئەم پەرەسەندنەی ناوێت و هەوڵی

تورکیا لەوە دەترسێت، ئەو دەستکەوتانەی کوردەکان بە دەستیان هێناون، هاوڵاتییە کوردەکانی خۆی هان دەدات

بنەبڕکردنی دەدات.

تورکیا پلان بۆچی دادەنێت؟

سەرەڕای ئەوەی، چوارچێوە و قەبارەی پڕۆسەکەی تورکیا ڕوون نییە، بەڵام تورکیا ئارەزووی ئەوە دەکات، پشتێنەیەکی ئاساییشی بە قوواڵیی 32 کیلۆمەتر و پانایی480کم لە ناو سووریادا بە درێژاییی سنوورەکانی خۆی دروست بکات، بۆ پاراستنی سنوورەکانی خۆی، و نیشتەجێ کردنی نزیکەی یەک ملیۆن لە کۆی 3.6 ملیۆن کۆچبەری سووریایی و ئەو سووریاییانەی لە ناوچەکانی تردە بۆ «ناوچە هێمنەکە» دێن. دەشێت لە ڕووی کردەییەوە، ناوچە کەنارگیرەکە، چەند کیلۆمەترێک بە ناو سووریادا درێژ ببێتەوە، هەروەها لە چەند گیرفانەیەک پێک بێت، پڕۆسەکەیش بە چەند قۆناغێک پێک دێت، کە تورکیا خۆی پلانی بۆ دادەنێت، هەڵبەت بە پاڵپشتیی سوپای ولاتەکەی، ئەمە جگە لە پشتبەستن بە دەستە و تاقمە یاخیبوە سوورییە هاوپەیمانەکانی، بەوەی لە سەر زەوی شەڕی بۆ بکەن و دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرن.

دەشێت چوارچێوەی پڕۆسەکە تووشی کۆمەڵە ئاستەنگێک ببێتەوە، دوای ئەوەی سوپای ئەمریکا ڕای گەیاند، بواری ئاسمانیی سووریای بە ڕووی فڕۆکە شەڕکەرە تورکەکاندا داخستوە و هەندێک بەرپرسی باڵای ئەمریکایش

بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو لە لایەن تورکیاوە دژی کورد

هۆشداریان داوە، لەوەی نابێت پڕۆسەکەی تورکیا هێندە «گەورە» بێت.

هۆشداریدانی کوردەکان:

کوردەکانی سووریا، هۆشداریی پاکتاوی نەژادی و گۆڕینی دیمۆگرافی لە ناوچە سنوورییەکان دەدەن، لە کاتێکدا لە سووریەدا نزیکەی 1.8 ملیۆن کورد دەژین، نزیکەی نیوەیان لە ناوچە دابڕێنراوە پشێنیارکراوەکەی تورکیادا دەژین، هەروەها ژمارەی عەرەبەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریای

نەخشەی ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا

دیموکراتی، بە نزیکەی 1.5 ملیۆن کەس دەخەملێنرێت، ئەمە خگە لە دەیان هەزار مەسیحی.

هێزەکانی سووریای دیموکراتی، لە ڕاگەیەنراوێکدا ڕایان گەیاندوە، «بە هەر نرخێك بێت» بەرگری لە خاکەکەیان دەکەن. ئەوان خاوەنی نزیکەی شەست هەزار چەکدارن.

لەبەر ئەوەی سروشتی تۆبۆگرافیی ناوچەکانی باکووری خۆرهەلاتی سووریا دەشتایی و کراوەیە و چەکی سووکیان پێیە، بۆیە قورسە بتوانن بەرەنگاریی دووەمین هێزی سەربازیی ناو ناتۆ ببنەوە.

وەك دیارە، پڕۆسەکەی تورکیا بوەتە هۆی و دەبێتە هۆی ئاوارەبوونی سەدان هەزار خەڵکی سڤیل لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی سوریای دیموکراتییەوە بەرەو باشوور و کوردستانی عێراقی دراوسێیان. بە هەمان شێوە، پێدەچێت هێرشەکانی تورکیا، بۆ چەند ساڵی ئایندە ناکۆکییە نەژادییەکان چڕتر و تووندتر بکاتەوە، ئەنقەرە لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەیەکی درێژمەودا لەگەڵ کوردەکاندا دەمێنێتەوە.

هێزەکانی سووریای دیموکراتی، هۆشداریی لەوە دەدەن، جەنگ لەگەڵ تورکیادا ناچاری دووبارە دابەشکردنەوەی هێزەکانیان دەکات و، بەمەیش سەرنجیان لە دابینکاری و

ئاگاداریی لە سەر داعش لاواز دەکات، ئەمە جگە لە ئیمکانیەتی ڕاکردنی زیاتر لە 11 هەزار زیندانیی داعش، کە هەندێکیشیان ڕایان کرد.

«ناوچەی ئارام»

هاریکاریی ئەمریکا لەگەڵ هێزەکانی سووریای دیموکراتی، سەرچاوەیەکی گەورەی بارگرژیی نێوان تورکیا و ئەمریکا بوو، ترەمپ لە کۆتاییی ساڵی ڕابردوودا کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لە سووریا ڕاگەیاند، کە ژمارەیان لە سووریا دووهەزار سەرباز بوو، لە بەر ئەوەی داعش «تێکش شکا». هەر لەو کاتەوە بە فشاری پنتاگۆن و کۆنگرێس و هاوپەیمانە ئەوروویپیەکان، هەوڵی پاشگەزکردنەوەی درا.

(ئەردۆگان لە بەردەم نەتەوە یەکگرتوەکان، لە کۆبوونەوەی ئەیلوولی 2019دا لە ئەنجوومەنی ئاساییش، نەخشەی ناوچەی ئارامی پێشنیاری خۆی بە دەستەوەیە)

تەنانەت تورکیایش، بەو نیەتە کتوپڕەی کشانەوەی ئەمریکا لە سووریا تووشی شۆک بوو و بە ترسەوە دەستی بە جموجوولەکانی خۆی کرد، بەڵام ئەو ڕاگەیاندنە ڕێگەی خۆش کرد بۆ چەند مانگێک دانوستان و گفتوگۆی نێوان بەرپرسە ئەمریکییەکان و تورکەکان، ئەوەیش دوا جار گەیاندییە ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە بەرقەرارکردنی «ناوچەیەکی ئارام» لە باکووری خۆرهەڵاتی سووریا لە مانگی ئابی ئەمسالّدا.

بەم شێوەیە ڕێککەوتنەکان بوونە هۆی چەند مانۆڕێکی ئەمریکی – تورکی هاوبەش، لە ناوچەیەکی دیاریکراودا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسیی تورکیا لە کوردانی سووریا، ئیتر هێزەکانی سووریای دیموکرات، هێڵەکانی بەرگریی خۆی لە سەر سنورەکان هەڵوەشاندەوە و چەکە قورسەکانی خۆی کشاندە دواوە.

مەبەست لە ڕێککەوتنەکە، کە ڕێککەوتنێکی سەرەتایی بوو، و تەنها کشانەوەی لە هێڵە سنوورییەکان لە خۆ گرتبوو، جێی ڕەزامەندیی هەسەدەش بوو، بە مەبەستی قۆستنەوەی کات و ڕازیکردنی تورکیا بۆ ماوەیەک.

بەڵام دواتر ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە سنوور کشاندەوە، بەمەیش هێزەکانی سووریای دیموکرات کتوپڕ هەستیان بەوە کرد، ئەمریکا خیانەتی لێ کردن.

«مستەفا بالی»، وتەبێژ بە ناوی هێزەکانی سووریای دیموکراتەوە، ڕۆژی دووشەممەی حەوتی تشرینی یەکەمی 2019 لە تویتێکدا نووسیویەتی: (ئێمە پێشبینیی ئەوە لە ئەمریکا ناکەین، باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بپارێزێت، بەڵام خەڵکانێک لێرە هەن، لانی کەم شیاوی ئەوەن، دەربارەی ڕێککەوتنەکە و ڕوخاندنی سەنگەرەکان و شکستی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەوەی پەیمانەکانی خۆی بهێنێتەی ڕوونکردنەوەیان بدرێتێ).

لە دریژەی قسەکانیدا گوتی: (هێزەکانی ئەمریکا خۆیان لە بەرپرسیارێتییەکانیان دزییەوە و دەستیان بە کشانەوە لە سنوورەکە کرد، ناوچەکەیان جێ هێشت ببێتە گۆڕەپانی جەنگ. بەڵام هێزەکانی سووریای دیموکرات، بە هەر کلۆجێک بوە هەر سووڕە لە سەر بەرگریکردن لە خاکەکەی).

تورکیا لە هێرشەکەی بەردەوامە و سەرەڕای لاوازیی سەنگەرەکانیان، هەسەدەش بەردەوامن لە بەرگری، نازانین لە داهاتوودا چی ڕوو دەدات.

لە سەر سنووری سووریا، دوو ماشێنی سەربازی ئەمریکی و تورکی لە تەنیشت یەک ڕاوەستاون، لە ئەیلوولی 2019.

سەرچاوە: مالپەڕی دویچە ڤێلا، لهجوم التركي على شمال سوريا – أطماع قديمة تهدد مستقبل الأكراد، كيس وينتر.

KURDISTAN
DIPLOMATIC

پەلاماری تورکیا بۆ سەر سووریا، ئومێدێکی نوێیە بۆ جیهادگەراکان

گفتوگۆی: CHRIS DEN HOND

ڕۆژنامەنووسی میدیای بینراو.

وەرگێڕانی: ئەرسەلان حەسەن

هـەر کـە دۆناڵـد تـرەمـپ فەرمانـی کـرد بـە کشـاندنەوەی هێزەکانـی ئەمەریـکا لـە باکـووری سـووریا، تورکیـا پەلامـاری ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خۆسـەری عـەرەب – کوردەکانـی دا. (ئۆرێنـت 21) بـۆ ڕوونکردنـەوەی لایەنەکانـی جیۆپۆلەتیکـی ئـەم پەلامارەدانـە، گفتوگۆیەکـی لەگـەڵ هـەر یـەک لـە سـاڵح موسـلیم، وتەبێـژی (حیزبـی یەکێتیـی دیموکراتیـک)، فەهیـم تاشـکین، شـرۆڤەکار و ڕۆژنامەنـووس، ئاجیـت پـۆلات، وتەبێـژی (ئەنجوومەنـی دیموکراتیکـی کـورد لـە فەرەنسـا) و ڕافائیـل لبروجـاه، کـە لـە قامیشـلۆ لـە ژێـر تۆپبـاران دایـە، ئەنجـام داوە.

ایران امروز نشریه خبری سیاسی الکترونیک

پاشەکشـەی ئەمەریکا دەرگا بە ڕووی تورکیادا دەکاتەوە

ئاجیـت پۆلات، وتەبێژی (ئەنجوومەنی دیموکراتیکی کـورد لـە فەرەنسـا) (CDK_F): «هێزەکانی سـووریای دیموکـرات» (FDS) و حکوومەتی خۆسـەری بـەردەوام جەختیـان لـەوە کردوەتـەوە، کـە ڕێککەوتنەکانیـان لەگـەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان تەنیا تاکتیکی بـوە و هـەرگیـز سـتراتیژی نەبـوە. ئێمـە دەمانزانـی درەنـگ یـان زوو، ویلایەتـە یەکگرتوەکان هێزەکانی خـۆی لە خۆرئـاوا دەکشـێنێتەوە، بەڵام ئەمـڕۆ هەسـت دەکەیـن خیانەتمـان لـێ کـراوە. ئەمەریکییـەکان ئـەو ڕێککەوتنەیـان پێشـێل کـردوە، کـە دەربـارەی دروسـتکردنی ناوچەیەکـی ئـارام ئەنجاممـان دابـوو. «هێزەکانی سـووریای دیموکـرات» کتومـت ئـەو ڕێککەوتنەیـان وەک خـۆی جێبەجـێ کـردوە و هێزەکانـی ئەمەریـکا لـە دوو شوێنی گرینگ پاشەکشەیان کردوە: سـەرێکانی و گـرێ سـپی، تـا دەرفەتـی هاتوچـۆی هاوبـەش بـۆ هێزەکانـی ویلایەتـە یەکگرتـوەکان و تورکیـا بڕەخسـێنن. خیانەتـی ئەمەریـکا ڕێگای بـۆ پەلامارەکانی تورکیـا کردوە. تورکیا ئامانجێکـی سـەرەکیی هەیـە، ئەویـش لەناوبردنـی حکوومەتـی فرەخـواز، فرەنەتەوە و فرەئایینییە کە لە باکوور و خۆرهەڵاتـی سـووریا دامـەزراوە. بەهێزبوونـی هێزەکانـی جیهادگـەرا و تیرۆریسـت، دەرئەنجامی ڕاسـتەوخۆی ئەم کارە دەبن.

فەهیـم تاشـکین، شـرۆڤەکار و ڕۆژنامەنـووس: ئەگـەر تورکیا بتوانێت دەسـت بـە سـەر ناوچـەی باکـووری سـووریادا بگرێـت، لەوانەیـە ڕەجـەب تەیب ئەردۆگان بە سێ مەرج پاشەکشە بکات. یەکەم، هەرگیز وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی حکوومەتـی خۆسـەری بـە ڕەسـمی نەناسـن، تورکیا هەنگاو دەنێت بۆ لەناوبردنی دامەزراوە دیموکراتییەکانی حکوومەتی خۆسـەری. پاشـان، پێشـنیاز دەکات هێزەکانی جێگـرەوەی سـوپای ڕەسـمی سـووریا، واتـا سـوپای نـوێ کـە تورکیـا بـە نـاوی (سـوپای نیشـتمانیی سـووریا) خەریکی دامەزراندنیەتی، بە ڕەسـمی بناسـرێت. سـەرئەنجام، ئەردۆگان لە ڕووخاندنی بەشـار ئەسـەد سـەرکەوتوو نەبـوو، بۆیـە هـەوڵ دەدات سـووریا دابـەش بـکات. ئـەردۆگان دەیەوێـت خەونی چـەند سـاڵەی عوسـمانییەکان بهێنێتـەدی کـە ئەتاتورک لـە سـاڵی 1938 بـە وەرگرتنـەوەی ئەسـکەندەریە (هاتـای ئێستا) ئەنجامی داوە.

ئامادەکردنی گروپە جیهادگەراکان لە لایەن تورکیاوە

فەهیم تاشکین: ئەو گروپە چەکدارانەی پشـتیوانی لـە پەلامارەکانی تورکیا دەکـەن، گروپـی چەکـداری میانـڕەو

بەڵام کوردەکان هیچ گرەنتییەکییان نییە کە دیمەشق، مۆسکۆ یان تاران بە پێی داوای خۆیان ئۆتۆنۆمییان پێ بدەن.

نین، زۆربەیان جیهادگەران. زیاتر لە 50 ڕێکخراو (وەک ئەو تورکمانەکان کە هەموویان «ڕادیکاڵ» نین)، بەڵام بەهێزترینیان لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژی و چالاکیی ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی هاوشێوەی «ئەلقاعیدە»، «فەتح ئەلشام»(بەرەی نووسرەی پێشوو لە ساڵی 2016 ناوی خۆی گۆڕی بۆ فەتح ئەلشام)، «ڕێکخراوی حکوومەتی ئیسلامی» (داعش)، «حەیاتی تەحریری ئەلشام»و... ن.ئێستا ئەمانە شانبەشانی سوپای تورکیان شەڕ دەکەن. «سوپای نیشتمانیی سوریا» نموونەی ئەمانەیە، کە لە لایەن تورکیاوە دامەزراوە و مەیلی ئیسلامیشی هەیە.

ساڵح موسلیم، وتەبێژی (پارتی یەکێتیی دیموکراتیک) (PYD)، کە هێزی سیاسیی سەرەکییە لە باکوور و خۆرهەڵاتی سووریا: ئێمە ئەو کەسانە باش دەناسین، کە لەگەڵ سوپای تورکیا دێنە ناو سووریاوە. هەندێکیان فەرماندەی داعش بوون، هەندێکی تریان لە گرێسپییەوە دێن و کەسانێکن کاتێک ئێمە داعشمان لە ناوچەکە کردە دەرەوە، ڕایان کردە تورکیا. دانیشتوانی ئەو ناوچانە بە باشی دەیانناسن.

بێ گومان پەلامارەکانی تورکیا دەبنە هۆی بەهێزبوون، یان لە هەندێک ڕووەوە، لە خۆڵەمێشی ئەمانەوە ئەو گرووپە جیهادییانە سەریان دەرهێناوە، دەبێت ئەوروپییەکان لەم بارەیەوە بە ئاگا بن. قۆرخکارییە ئەنجامدراوەکان لە خاکی ئەورووپا لە لایەن کەسانێکەوە ئەنجام درابوو، لە سووریاوە دەهاتن و بە تورکیا دا پەڕیبوونەوە. بێ گومان بەهێزبوونی ئەم گرووپانە دەبێتە هۆی قۆرخکاری تر لە ناو خاکی ئەورووپا دا. ئەوەی ئێستا لە «عەفرین» دەگوزەرێت، نموونەی بەرنامەیەکی سیاسییە کە ئەردۆگان بۆ سەرانسەری باکووری سووریا لەبەر چاویەتی. گۆڕانکاریی دیموگرافی لە ناوچەی «عەفرین» دەکرێت و لەم شارەدا کە لە 95٪ی دانیشتوانی کورد بوە، ئێستا ژمارەی کوردەکان گەیشتوەتە 15٪. ئەم کارە دەرئەنجامی پاکتاوێکی نەتەوەییە لە لایەن تورکەکانەوە. ئەوانەی لە ئیدلیب یان غوتەوە دێن و زۆر جار بنەماڵەی ئەو جیهادگەرایانەن، کە ئەندامی داعش یان بەرەی نوسرەن. تاڵان، دزی، دەستدرێژی، وەرگرتنی غەرامە لە بەرانبەر مرۆڤڕفێنی شتگەلێکە ئەگەر بێتوو تورکیا سەرکەوتوانە درێژە بە پەلامارەکانی خۆی بدات، لە سەرانسەری باکووری سووریادا پیادەی دەکات.

لێپرسینەوەی ترسناکی ڕووسیا، لاوازیی دیمەشق

فەهیم تاشکین: ڕووسیا بەو مەرجە پشتیوانی لە پەلامارەکانی تورکیا دەکات، کە لە چوارچێوەی تایبەت بە باکووری سووریادا بمێنێتەوە. بەم شێوەیە، ڕووسیا هیواداره کوردەکان بباتەوە ناو ئامێزی دیمەشقەوە و پێی باشە لە جیاتیی ویلایەتە یەکگرتوەکان، تورکیا لە سووریا ئامادەگیی هەبێت و هاوکات ئەوەیش دەزانێت کاتێک تورکیا لە باکووری سووریا جێگیر بوو، وەها بە ئاسانی لێی ناچێتە دەرەوە. ئەم کارە بێدەنگیی مۆسکۆ ڕوون دەکاتەوە. وێڕای ئەمانە، بەم دواییە ڕێککەوتنی ئابووورییش لە نێوان ڕووسیا و تورکیا ئەنجام دراوە.

ئەجێت پۆلات: ئامانجی سەرەکیی ڕووسیا لاوازکردنی کوردەکانە و پاشان، ڕێکخستنی گفتوگۆیە لە نێوان «هێزەکانی سووریای دیموکراتیک»ی

لاوازبوو و ڕژێمی سووریا. ئەمە گەمەیەکی ترسناکە، چونکە بە شایەتیی مێژوو، کاتێك تورکیا جێگیر بوو، بە مەیلی خۆی نەبێت پاشەکشە ناکات، بەڵام گرینگترین بابەت بۆ ڕووسیا ئەوەیە کە تورکیا لە «ناتۆ» دوور بخاتەوە. ڕووسیا بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە ئامادەیە تا ئەو جێیە زیادەماڵ (ئیمتیاز) بدات بە تورکیا، کە پەیوەست دەبێت بە فەرمانڕەواییی خاکی سووریاوە.

سالح موسلیم: هەموو ئەوە دەزانن ڕژێمی سووریا تا چەند لاواز بوە و وابەستەیە بە ڕووسیا و ئێرانەوە. ئێران، هاوشێوەی ئیسرائیل، نیگەرانە لە پشتیوانیکردنی ڕووسیا لە پەلامارەکانی ئەردۆگان و ناڕەزاییی خۆی لە بەرانبەر بوونی هێزەکانی تورکیا لە ناو خاکی سووریا دەربڕیوە. ئامانجی ڕووسیا دروستکردنی هاوسەنگیی ناوچەییە لە نێوان تورکیا و ئێران و خوازیاری ئێرانێکی زۆر بەهێز نییە.

ئێمە لە کاتی پەلاماردان بۆ سەر دێرەزوور، زانیمان ڕووسەکان داوایان لە «هێزەکانی سووریای دیموکراتیك» کردوە دەستبەسەر شارەکەدا بگرن، کە پڕە لە سەرچاوەکانی گازی سروشتی. ئەم هەنگاوە سەربازییەی ڕووسەکان بە زیانی ڕژێمی سووریا و ئێران تەواو بوو. فەهیم تاشکین: هەڵوێستی دیمەشق دەربارەی کوردەکان ئەوەیە کە: «سەرەتا لە شەڕی هێزە ئەمەریکییەکان بێنە دەرەوە، دواتر دەبینین چ دەقەومێت»،

ئاکامەکانی شەڕی سوریا

بەڵام کوردەکان هیچ گرەنتییەکییان نییە کە دیمەشق، مۆسکۆ یان تاران بە پێی داوای خۆیان ئۆتۆنۆمییان پێ بدەن، کە وایە چۆن دەیانتوانی داوا لە ئەمەریکا بکەن هێزەکانی خۆی بکێشێتەوە؟ سەرەڕای «هێزەکانی سووریای دیموکرات» خوازیاری ئۆتۆنۆمیی سەربازیین و ئەوە شتێکە، کە سوپای ڕەسمی سوریا ئامادەی ڕێککەوتن نییە لەو بارەیەوە.

دیمەشق چاوەڕوانی دەرفەتێکی گونجاوە هێزەکانی خۆی بباتە باکووری سووریا. لە ئێستادا، ڕێژەی هێزەکان لە قازانجی ئەو نییە و لە سەرەتای یەکەم دەتوانێت بەوە قەناعەت بکات کە گۆڕەپانی نەوتی دێرەزوور وەربگرێتەوە. دیمەشق پێی وایە، دەکرێت پەلاماری سنووردارای تورکیا سوودبەخش بێت. هەژموونی «هێزەکانی سووریای دیموکرات» بە سەر ئەو ناوچەیە دیمەشق نیگەران دەکات و پەلامارەکانی تورکیا وەرگرتنەوەی بۆ دیمەشق ئاسان دەکات. کاتێک بابەتەکە بۆ گەمەکردن بە ئاگر دەگۆڕێت، کە ناتوانین بزانین ئەردۆگان تا چەند پەلامارەکانی فراوان دەکات.

«هێزەکانی سووریای دیموکرات» خوازیاری دروستکردنی ناوچەی دژەفڕینن

ڕەفائیل لبروجاە، ڕۆژنامەنووس لە قامیشلۆ: هەموو شوێنێك، ئامانجە سەربازی و مەدەنییەکان، کەمپی پەنابەران و گرتووخانەکان تۆپباران دەکرێن. سوپای تورکیا و میلیشیاکانی جیهادگەرا بە سستی بەرەوپێش دەچن. هەر چەند بەرگری «هێزەکانی سووریای دیموکرات» ئەستەم بوە، بەڵام ئەمان سوورن لە سەر بەرخۆدان و دروستبوونی ناوچەیەکی دژە فڕین بۆیان، تەواو پێویستە. دڕندانە خەڵکی سڤیل دەکوژرێت و خەڵك (نەك تەنیا کوردەکان)، بە نائومێدییەوە لەم خیانەتەی ئەمەریکا دەڕوانن.

هەروەها کوردەکانی سوریا دەڵێن، کە حکوومەتی سووریا ڕەزامەندیی نیشان داوە بۆ ڕەوانەکردنی سوپا بۆ سنوورەکانی باکوور بۆ بەرگرتن لە پەلامارەکانی تورکیا دژی ئەوان.

بەرپرسێکی سوپای خۆسەری باکووری خۆرهەڵاتی سووریا بە ڕۆیتەرزی گوت: «دوای ئەوەی ئەمەریکییەکان ناوچەکەیان بە جێ هێشت و گلۆپی سەوزیان داگیرساند، ئێمە ناچار بووین بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و ڕێگرتن لە پەلامارەکانی تورکیا، بە دوای بژاردەیەکی تردا بگەڕێین کە گفتوگۆ بوو لەگەڵ دیمەشق و مۆسکۆ.»

«ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییە، ڕێککەوتنێکی سەربازییە، گفتوگۆ دەربارەی لایەنە سیاسییەکەی نەکراوە کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکرێت.»

هەروەها ئاژانسی ڕەسمیی دەوڵەتی سووریا «سانا» ڕای گەیاندوە، بە هۆی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی ئەسەد و کوردەکان، یەکە سەربازییەکانی ئەم وڵاتە لە ناوچەکانی باکووری سووریا جێگیر دەبن. ڕەوانەکردنی ئەم هێزانە بۆ ناوچە سنوورییەکانی نێوان سووریا و تورکیا، بە پشتیوانیکردنی کوردەکان لە بەرانبەر پەلاماری حکوومەتی تورکیا ڕاگەیەنراوە.

مەزڵووم عەبدی، سەرۆکی فەرماندەی هێزەکانی سووریای دیموکراتیك لە وتارێکدا، کە بۆ گۆڤاری «فارین پالیسی» نووسیوە، گوتوویەتی: «ئەگەر بڕیار هەڵبژاردن بێت لە نێوان کۆمەڵکوژی و ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی ئەسەد، بێ گومان ئێمە داکۆکیکردن لە گیانی هاوڵاتیانمان هەڵدەبژێرین.»

سەرچاوە: لوموند دیپلۆماتیك فارسی، اکتبر 2019

حملە ترکیە بە سوریە، امیدی تازە برای جیهادگراها

گفتگوگرCHRIS DEN HOND :